# دایک و تەیمورلەنگ

و: عومەر باڵەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دایک و تەیمووری لەنگ

## وەرگێڕ: عومەر باڵەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: دایک و تەیمووری لەنگ
وەرگێڕ: عومەر باڵەکی
چاپی یەکەم: هەولێر ـ ٢٠٠٩
دەزگای چاپ: دەزگای وەرگێران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | |
|---|---|
| دایک و تەیمووری لەنگ | ٧ |
| لایلایی دایک | ١٨ |
| دایک و کوڕ | ٤١ |
| نووسەر ئاڵا هەڵگری گەلە | ٥٢ |
| ئەوین و قوڕە سواغ | ٦٧ |

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ماکسیم گورکی لە چەند دێرێکدا

«ئەلکســـیی ماکسیموڤیچ پشکوف» ناوی راستەقینەی ماکسیم گورکییە. لە ســـاڵی ١٨٦٧ی زایینی لە شاری «نیژنی نووگرور» لە دایک بووە، کە لە دواییدا بۆ رێزلێنان لە ماکســـیم گورکی ئەو شـــارە گۆڕا بە «گورکی».

ماکســـیم گورکی هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دەســـتکورتی و نەداری ئاشنا بـــووە و لەگەڵی گەورە بـــووە، هەر ئەو نەدارییە بۆتە هـــۆی ئەوە کە لە خوێندن وەدوا بکەوێ. هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە وەک شاگرد پینەچی، رەنگرێـــزی، کرێکاری پاپۆڕ،.... کاری کردووە و لەو رێگایەوە ژیانی خۆی دابین کردووە.

تافی لاویشـــی وەک سەردەمی مێرمنداڵی بە کوێرەوەری و کرێکاری تێپەڕ کـــردووە، وەک کۆڵ هەڵگری پاپۆڕ، نانەوایـــی، باغەوانی و ئەندامیەتی لە دەستەی ئاوازی بە کۆمەڵدا کاری کردووە.

ئەو لە نێو خەڵکدا دەژیا و کاری دەکرد، بۆیە بەرهەمەکانیشی زیاتر باس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕاســـتییەکانی ژیان دەکەن. هەر لەو سەردەمەدا خۆشەویستی بۆ کتێب لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو و ئەوەی بۆ لای ناسینێکی داهێنەرانە بەرەو پێش دەبرد.

کەوتە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی سیاســـی. ساڵی ١٨٩٢ بوو بە نووسەرێکی بەناوبانگ.

پێش لە ئاڵوگۆڕەکانی ســـاڵی ١٩٠٥ «ســـرود شـــاهین» و «سرود مرغ توفان»ی نووسی.

دوای ســـەرکەوتنی ڕاپەڕینی ١٩٠٥ سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد. ڕۆمانی «دایک»بەرهەمی ئەو سەردەمەیە. ماکسیم گورکی لە ساڵی ١٩٣٢ بوو بە سەرپەرشتیاری یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەت و زەقکردنەوەی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵی وەک شـــێوە نووســـین بە نووسەرانی سۆڤیەت پێشنیار کرد. دەتواندرێ ڕۆمانی دایک وێنەیەک بۆ ئەو شێوە ناوی بەری.

گورکی لە ساڵی ١٩٣٦ ماڵئاوایی لە دنیای ڕوون کرد و سەری نایەوە، بەڵام لە دوای خۆی بە دەیان کتێب و چیرۆک و بابەتی جۆرواجۆری بەجێهێشت، کە زۆربەیان بە زمانەکانی دیکە وەرگێڕدراون.

لەو وەرگێڕانەدا سێ کورتە چیرۆکی ئەو نووسەرە سەبارەت بە خۆڕاگری و نیشتمانپەروەریی دایک هاتووە. هەر بۆیە بە پێویستم زانی ئەو چەند دێرە لە سەر گورکی بنووسم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دایک و
# تەیمووری لەنگ

«ماکسیم گورکی»

«ڕێز لەو ژنە بگرن کە دایکە، یانی سەرچاوەی ژیانە»
لەو چیرۆکەدا باس لە تەیمووری لەنگ دەکەین، ئەو پڵینگە شەلەی کە بە «تامرلان» ناسراوە و وەک ســــەردارێکی بەختەوەر ناوی دەرکردووە. ئەو ســــەردارە بێهاوتایەی مەیدانی شـــەڕ کە نیازی وابوو تەواوی دنیا داگیر و خاپوور بکا.
ئەو پەنجا ساڵ بەسەر زەویدا ڕۆیشت، بەو جۆرەی کە هێلانەی مێروەکان بە ژێر پێی فیلاندا پان و فلّچ دەبنەوە، هەر بەو چەشنە شار و نەتەوەکان لە ژێر پێی ئاســـنینی ئەودا لە نێو دەچوون. بە هەر شوێنێکدا تێدەپەڕی جۆگەلەی خوێن هەڵدەبەســـترا و ئێســـکی نەتەوە تێکشکاوەکان دەکرا بە باڵەخانە و بورجی بەرز و لەسەر یەک کەڵەکە دەبوون. ئەو خۆی لە مەرگ بەهێزتر دەزانی، هەر بۆیە لە کوشتنی خەڵک و ئەستاندنی گیانیان هیلاک نەدەبـــوو. ئەو تۆڵەی لە مردنیش دەســـتاندەوە، چونکە مەرگ جهانگیری کوڕی لێ ئەستاندبوو. ئەو مرۆڤە وەحشییە نیازی وابوو هەموو نێچیرەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرگ بۆ خۆی ڕاو بکا، بۆ ئەوەی مەرگ لە پەژارە و برسێتیدا بمریّ. لەو ڕۆژەوە کە جهانگیری کوڕی مرد و خەڵکی سەمەرقەند جلوبەرگی شین و ڕەشیان پۆشی و خۆڵەمێشیان وەسەر خۆیان کرد، سێ ساڵ تێپەڕ ببوو، بەڵام تەیموور لەو ماوەیەدا بۆ جارێکیش بزە نەهاتە سەر لێوی. لەو ماوەیەدا لێوەکانی پێکەوە گرێ درابوون و لە بەرامبەر هیچ کۆسپێک سەری نەوی نەدەکرد. سێ ساڵی تەواو ڕەحم و بەزەیی بە دڵیدا نەدەهات. با لە باسی ئەسڵی چیرۆکەکەمان دوور نەکەوینەوە و باسی ئەو ژنە بکەین، کە چۆکی بە تەیمووری لەنگ دادا.

«ژن تەنیا کەسێکە کە هێز و توانا دەبەخشێ و تەنانەت مردنیش لە بەرامبەریدا سەری کڕنۆش دادەنەوێنێ.» لەو چیرۆکەدا ڕاستییەک دەخرێتە بەرچاو، کە دایکێک توانی «تەیموور» ئەو سەردارە خوێن ڕێژ و کاولکارە بە چۆک دابێنێ و سەری پێ نەوی بکا.

چیرۆک و بەسەرهاتەکە ئاوا بوو:

ئەمیر تەیموور لە پێدەشتی دڵڕفێنی «کانی گوڵ» خەریکی عەیش و نۆش بوو. ئەو پێدەشتە وەک باخی بەهەشت وابوو، هەموو جۆرە گوڵێکی سوور و یاسەمینی بۆنخۆش وەک هەوری ئاسمان زەویان داپۆشیبوو. تەیموور لە پێدەشت بارگە و بنەی خستبوو. شاعیرەکانی سەمەرقەند بەو شوێنەیان دەگوت «عەشقی گوڵان». لەوێ ڕا منارەی ڕەش و گومبەزی زێڕینی مزگەوتەکانی شار دیاربوو. پازدە هەزار خێوەت بە ئاڵقەو بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی بەرین وەک گوڵی نەستەرەن لەو دەشتەدا هەڵدرابوون، سەدان ئاڵای ئاوریشم چندراوی ڕەنگاوڕەنگ بە وێنەی گوڵی سروشتی لەسەر وان دەشەکانەوە. چادری ئەمیر تەیموور گورکانیش لە نێوەڕاستی ئەواندا وەک تاوسێک وابوو. بارگایەکی چوارگۆشە کە درێژایی هەر لایەکی سەد پێ و بەرزایەکەشی سێ نێزە بوو. بارگا لەسەر دوازدە پایەی زێڕین ڕاوەستابوو، کە هەر کام بە ئەستوورایی لەشی مرۆڤێک بوون. سەر سەرپایەکان قوبەی شینی پێوە بوون و تەواوی خێوەتەکان لە پارچەی ئاوریشمی ڕێڕێی ڕەش و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەوز و زەرد و شینی ئاسمانی دروست کرابوون، بۆ ئەوەی با بەرەو ئاسمان هەڵیان نەگرێ. هەر خێوەتێک بە پێنج سەد رەستەی ئاوریشمی سوور لە زەوی قایم کرابوون. چوار هەڵۆی گەورە لە چوار سـووچی خێوەتەکە قایم کرابوون. هەڵۆیەک کە لەو چوارە گەورەتر و ترسێنەتر بوو، واتا تەیموری گورکان بۆ خۆی وەک شـای شاهان لەسەر سەرینێکی بەرز لە نێوڕاستی چادرەکە دانیشتبوو.

جلوبەرگێکی نایاب لە قوماشـی ئاوریشم بە ڕەنگی ئاسمانی و چندراوێکی بە پێنج سـەد دانە مرواری لە ملدا بوو. کڵاوێکی سـپی کە لە نێوەڕاستی یاقووتێکی گەورە دەدرەوشـایەوە، لەسەر سەری سپی و ترسێنەری نابوو. ئەو یاقووتە لەسەر نووکی تیژی کڵاوەکەی دەجووڵایەوە کە دەیڕوانییە دنیا، وەک چاوێکی پڕ لە خوێن دەینواند. ڕووخساری ئەمیر تەیموور وەک تیغی شمشـێرێکی پان وابوو کە بەهـۆی ڕەقهەڵاتنی خوێن ژەنگی هێنابێ. ئەو خوێنانەی کە ئەو بۆ هەزاران جار تێیانەوە گلا بوو. چاوەکانی بچووک بوون، بەڵام هەموو شتێکیان دەدی و بروسکەی ئەو چاوانە وەک بروسکەی ساردی زمروت وابوو، کە دەڵێن چارەسەری چاوی پیس و نەخۆشی مولکە دەبێ. بە گوێیەکانی پاشـاوە دوو گوارە لە یاقوتی دوورگەی سیلون (سرانديب) هەڵاوەسرابوون و ڕەنگی ئەو گورانە بە ڕەنگی لێوی ئاڵی کیژان دەچوون. لەسـەر زەوی و لەسەر فەرشەکان سێ سەد جۆر تەڵای نەخشکراو لەگەڵ شەڕابی ناب و هەموو جۆرە پێداویستییەکی جێژنی شاهانەی لێ ڕیز کرابوو. لە ژوور سەری تەیمووریش موسیقاژەن و مەیگێڕ دانیشتبوون، لە تەنیشت تەیموور کەسـی لێ نەبـوو، بەڵام لەبەردەمی ئەو خزمانی نزیکی شـا و شازادەکان و سەردارە بەناوبانگەکان دانیشتبوون، بەڵام لە هەمووان نزیکتر بە تەیموور شاعیری بادە پەرەست کرمانی دانیشتبوو، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە وەڵامی ئەو پرسیارەی تەیموور، کە پرسیاری کردبوو ئەگەر منیان فرۆشتبا ئەتۆ چەندت پێ دەدام؟ وەڵامی دابۆوە!بیسـت و پێنج سکە. تەیموور بە سەرسـووڕمانەوە گوتبووی: ئەوە تەنیا نرخـی «نێوقەد بەندی»ی منە!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرمانـــی وەڵامی دابۆوە، منیش تەنیا نرخی «نێوقەد بەندی»ی تۆم دەدا، چونکە تۆ بۆ خۆت پووڵێکی ڕەشیش ناهێنی.
کرمانی شاعیر لەگەڵ شای شاهان لەگەڵ ئەو پیاوە ترسێنەر و دڵڕەقەدا ئـــاوا دەدوا. هەر بۆیە دەبێ ســـڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شـــاعیرە ڕاستبێژە. ئێمە دەبێ هەموو کاتێک ناوی ئەو بە گەورەتر لە ناوی تەیموور نێو بەرین و خۆشمان بوێ.
ئەو شـــاعیرانەمان خۆش بوێ، کە تەنیا خوایەکیان هەیە و ئەویش وشەی جوانی حەقە، کە بە بێ ترسی و دڵەخورپە دەریدەبڕین و ئەو ڕاستوێژەییە سەرکەوتنی ئەوانە.
لەو کاتەی شادی و کەیف و ڕابواردن لەگەڵ بیرەوەری شەڕەکان و ئاهەنگی ساز و چریکە بە سۆز تێکەڵ بە کۆڕ دەبوون و ڕابردوویان زیندوو دەکردەوە و لـــە بەر دەرگای خێوەتی پاشـــا زۆرانبازی و مەلانـــە و بەندبازی بەڕێوە دەچوو. بەندبازەکان لەســـەر تەنافەکان ســـەمایان دەکرد و خوار و خێچ دەبوونەوە، هەموو کەس پێی وابوو کە ئێسکیان لە لەشدا نییە و لە لایەکی دیکەش شمشێربازەکان هونەری خۆیان دەنواند، کە چەندە توند و چالاکن لە کوشتنی مرۆڤەکاندا. فیلەکانیان هێنابوو بۆ نمایش و بە ڕەنگی سوور و سەوز ڕەنگیان کردبوون، بە جۆرێک کە هێندێکیان ترسێنەر و هێندێکیشیان سەیر دەیاننواند.
هەموو ژێر دەستانی تەیموور هەر کام بە جۆرێک خەریکی شادی و خۆشی و چالاکی بوون. لەو کاتەدا کە هەموو لایەک شێتی و مەستی بەسەریاندا زاڵ ببوو و کەس ئاگای لە خۆ نەمابوو، دەنگی ژنێک وەک هەورەتریشقەیەک لە ناو ئەو هەراو هەنگامەدا بە گوێ تێکشکێنەری سوڵتان بایزید گەیشت.
دەنگـــی تەوارێک بوو کە ڕۆحی گەندەڵ و نوســـتووی تەیموری وەخەبەر هێنا. بەڵێ مەرگ ڕۆحی ئەوی گەندەڵ کردبوو، هەر بۆیە سەبارەت بە ژیان و خەڵک بێ رەحم و بێ بەزەیی ببوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەیموور فەرمانی دا بزانن کێیە کە ئاوا شـــیوەن و زاری دەکا؟ یاســـاوەڵ هەواڵیان هێنا، کە ژنێکی سەراپا قوڕاوی و جلوبەرگ شڕۆڵ کە وێ دەچێ شێت بێ خوازیاری چاو پێکەوتنی تۆیە و لەسەر داوای خۆی سوورە.

پاشا گوتی: بیهێنن.

ژنێکی پێخواس بە جلوبەرگی شڕۆڵەوە لەبەردەمی تەیمووردا خۆی نواند، کـــە جلەکانی لەبەر تیشـــکی خۆرەتاو کاڵ ببوونـــەوە و بە پرچە ڕەش و ئاڵۆزەکانی سینگی ڕووتی داپۆشیبوو، ڕەنگی دەم و چاوی لە ڕەنگی مس دەچوو، بەڵام چاوەکانی زیت و وریا بوون، تێڕوانینی بە هێز و نەترســـانە بوو. دەستە ڕەشەکانی کە بۆ لای ئەمیر تەیموور درێژی کردبوون، بە هیچ نەدەلەرزین.

ژنەکە پرسی: ئەتۆ ئەو کەسەی سوڵتان بایزیدت تێک شکاندووە؟

- بەڵێ منم، ئەویش و زۆر ســـەربزێوی دیکەشم تێکشکاندوون و ئێستاش لە داگیرکردن ماندوو نەبووم. ئەی ژن ئەتۆ دەتهەوێ لەسەر خۆت چ باس بکەی؟

- گوێـــم لێ بگرە! ئەتۆ هەر کارێک بکەی لـــە مرۆڤ زیاتر نیت. جیاوازی من و تۆ لەوەدایە مـــن دایکم و خزمەتکاری ژیانم، بەڵام ئەتۆ خزمەتکاری مەرگـــی. ئەتۆ دەرحـــەق بە من خەتات کردووە، هاتـــووم داوات لێ بکەم هەڵەکەت ڕاست بکەیەوە. بە منیان گوتووە دروشمی تۆ ئەوەیە کە «هێز لە دادپەروەریدایە»، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەتۆ باوەڕت بەو دروشـــمە هەبێ، بەڵام باوەڕت هەبێ یا نەبێ، دەبێ ســـەبارەت بە من و مافی من دادپەروەر بی، چونکە من دایکم!

تەیموور ئەوەندە ژیر بوو، کە هەست بە بێباکی و چاونەترسی ژنەکە بکات لە کاتی قسەکردندا. هەر بۆیە دوای ماوەیەک ڕاوەستان گوتی حەز دەکەم گوێ بۆ قسەکانت ڕاگرم، دانیشە و هەرچی دەتهەوێ بیڵێ.

ژنەکە بە ئاســـوودەیی و بێ شەرم و شـــکۆ لەسەر فەرشی دیوەخان و لە نێو شـــاهاندا دانیشت و بەم جۆرە دەستی پێکرد. من خەڵکی دەووبەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاری «ســـالرنو»م لە وڵاتی ئیتالیا. لێرەوە زۆر دوورە. ئەتۆ نە دیتووتە و نە پێی دەزانی. بابم و مێردەکەم ماســـیگر بوون. مێردەکەم وەک هەموو پیاوێکـــی خـــاوەن ژن و منداڵ بەختەوەر بوو و لـــە پێوەندی من و ئەودا خاوەنی کوڕێک بووین، کە جوانترین کوڕی دنیا بوو. (لەو کاتەدا تەیموور ئەو پیاوە شەڕکەرە کۆنەساڵە بە خۆی نەبوو، لەسەر خۆ و لە ژێر لێوانەوە گوتی وەک جهانگیری من). کوڕێکی ژیر و عاقڵ بوو شـــەش ساڵ تەمەنی تێپەڕ ببوو، کە دزانی دەریایی لە هۆزی عەرەبە لێوارنشـــینەکانی ناســـراو بە «ساراســـین» لە کەنارەکانی وڵاتی ئێمـــە دابەزین، باب و مێردەکەم و زۆر پیاوی دیکەشیان کوشت و کوڕی منیشیان رفاند. هێندەی پێ نەچوو سوڵتان بایزید بەسەر ئەواندا زاڵ بوو و ئەتۆش بەسەر سوڵتان بایزیددا زاڵ بووی، ئێستا چوار ساڵی تەواوە بۆ دیتنەوەی کوڕەکەم لەو چیا و دەشت و چۆڵانە ســـەرگەردانم. ئەو خاکە لە ژێر دەسەڵاتی تۆدایە و من کوڕەکەم لە تۆ دەوێتەوە.

ئەو شا و شازادە و سەرکردانەی لە کۆڕەکە دانیشتبوون و خۆیان لە هەموو کەس بە زیاتر دەزانی، وێکڕا پێکەنین و گوتیان:

– ئەو ژنە شێتە و خوا حاڵی گۆڕیوە.

بەڵام کرمانی شـــاعیر بە ســـەرنجەوە چاوی لەو ژنە دەکـــرد و تەیمووری لەنگیش بە سەرســـووڕمانەوە لێی دەڕوانی، کرمانی شاعیری بادەپەرست لەسەرەخۆ گوتی:

– بەڵێ شـــێتە، بەڵام شێتی ئاسایی نییە، هەستی دایکایەتی شێتی کردووە.

تەیمووری داگیرکەری دنیا گوتی:

– ئـــەی ژن، چۆن لەو وڵاتە دوورەوە کە من نەمدیتووە و ناویشـــم نەبیســـتووە لە دەریا و رووبار و چیا و دارســـتانەکانی تێپەڕیوی و خۆت گەیاندۆتـــە ئێرە؟ چۆن زیندەوەرانی دڕندە و مرۆڤە خوێن ڕێژەکان زیانیان پـــێ نەگەیاندووی؟ ئاخر ئەتۆ بۆ پارێزگاری لە خۆت تەنیا چەکێکیشـــت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ نییە و لە ئاوەها حالێکدایە کە چەک بۆ هەر مرۆڤێکی بێپەنا باشترین هاوڕێیە و تا ئەو کاتەی خاوەن چەک هێزی لە باسکدا بێ، مەحاڵە بتوانن ژیانی پێبگەیەنن. ئەمن دەبێ چۆنیەتی هاتن و نیاز و مەبەستت بە ڕوونی بزانم.

ژن- یانی ڕێز لەو ژنە بگرین کە دایکە و خۆشەویســـتی ئەو بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵە، هەموو مرۆڤەکانی دنیا بە شیری مەمکی ئەو پێگەیشتوون، هەمـــوو تایبەتمەندییە جوانەکانی مرۆڤ لە تیشـــکی ڕوونی خۆرەتاو و لە شیری دایک پەیدا بوون. هەر ئەوانن بوونی ئێمە بە ژیانەوە دەبەستنەوە!

ژنەکە ئاوای بە تەیموور گوت:

ئەمـــن تەنیا دەریایەکـــم دی، کە لەودا دورگـــەی زۆر هەبوون و بەلەمی ماســـیگرانی تێدا دەگەڕا. ئاخر ئەگەر مرۆڤ وەدوای خۆشەویســـتی خۆی بکەوێ، شـــنەبای ڕزگاری بۆی هەڵدەکا و بە مراد دەگا. بە مەلە کردن و پەڕینەوە لە ڕووبار و دەریا ئاشـــنا بووم. بـــە لای منەوە چیاکانیش هیچ کۆسپێک نەبوون.

کرمانی شاعیر بەسەرخۆشیەوە گوتی:

– لە بەرامبەر خۆشەویستی دایک کێو دەبێتە دەشت!

– هێندێک دارستان لەسەر ڕێگام هەبوون، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم هەبوون. ئێســـتا کە من لێیان تێپەڕیوم و گەیشـــتوومەتە ئێرە، ئەو قســـانە ئی ڕابـــردوون! بەرازە کێوییەکان، ورچـــەکان، کە لە کێوییە ترسێنەرەکان، کە ســـەری زلّیان بەرەو زەوی خوار دەکردەوە، هەموویانم لەسەر ڕێگای خۆم دیتوون. دوو جاریش پڵنگەکان بەو چاوانەیان کە وەک چاوی تۆ دەچوون، ســـەیریان کردم، بەڵام زیندەوەریش دڵی هەیە، ئەمن هـــەر بەو جۆرە کە ئێســـتا لەگەڵ تۆ دەدوێم، لەگـــەڵ ئەوانیش هەر بەو شـــێوە قســـەم کردووە. ئەوان لێم حالی دەبوون و دەیانزانی کە من دایکم و هەناســـەیەکیان هەڵ دەکێشا و دەڕۆیشتن. ئەوان خەمی منیان بوو! بۆ تـــۆ نازانی بونەوەرانیش بێچووی خۆیان خۆش دەوێ و بۆ ئازادی و ژیانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان، وەک مرۆڤەکان بەڵکو باشتریش خەبات دەکەن و لە خۆبوردوویی لە خۆیان نیشان دەدەن.

تەیموور گوتی:

- ژن حـــەق بە تۆیە! مـــن دەزانم کە گیانلەبـــەران زۆرتر لە مرۆڤ بێچووی خۆیان خۆش دەوێ و بۆ پارێزگاری لێ کردنیان لە مرۆڤ باشتر و چاکتر و ئازایانەتر تێدەکۆشن!

ژنەکە وەک منداڵێکی دڵســـاف درێژەی بە قسەکانی خۆی دا، چونکە دڵی دایک سە دجار سافتر و بێگەردترە لە دڵی هەر منداڵێک.

ژنەکە گوتی:

خەڵک هەموو کاتێک منداڵی دایکی خۆیانن. ئاخر هەموو کەس دایکی هەیە، هەر کەس منداڵی دایکی خۆیەتی، تەنانەت پیرەپیا و باش بزانە کە ئەتۆش لە داوێنی ژنێک کەوتوویەوە. تۆ دەتوانی خوا ڕەت بکەیتەوە، بەڵام ناتوانی حاشا لە دایکت بکەی و خۆت لەو ڕاستییە بشارییەوە!

کرمانی شاعیرە ئازا و نەترسە هاواری کرد:

- ڕاستت گوت ئەی ژن! حەق بە تۆیە! هیچ کاتێک لە گاڕانێک گا کویلکەیەک پەیدا نابێ. هیچ کات بێ هەتاو گوڵەکان ناپشـــکوون و بێ خۆشەویســـتی بەختەوەری مانای نییە و بێ ژنیش خۆشەویســـتی وەدەست نایە. تا دایک نەبێ نە شاعیر دەبێ نە پاڵەوانێکی ئازا.

ئینجا ژن گوتی:

- کوڕەکـــەم پێ بدەوە. من دایکم و ئـــەوم خۆش دەوێ. ڕێز لە ژن بگرە، چونکە مووسا و عیسا و محەممەد و پێغەمبەرانی گەورە لە ژن بوون. ژن عیســـای هێنایە سەر زەوی، بەڵام زاڵمان کوشـــتیان. بە فەرموودەی «شـــەریف الدین» ئەو زیندوو دەبێتەوە بۆ دادگایی کردنی زیندووەکان و ئەو کارە لە دیمەشق دەبێ!

دەبێ کڕنۆش بۆ ژن بەرین و ڕێز لە ژن بگرین، چونکە گەورەپیاوانی دنیا لە داوێنی ژندا پەروەردە بوون. ئەرەستوو، فردۆسی، سەعدی، عومەر خەیام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە وتەکانی وەک شەرابی تێکەڵاو بە ژەهرە، ئەسکەندەری گەورە و هومری کوێر هەموو منداڵ و دەســـت پەروەردەی ژنن. هەموو شیری مەمکی ژنیان خواردۆتەوە و دارەدارەی پێ کردوون و هێناونیە نێو ژیان، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەوان لە لقی گوڵێک بەرزتر نەبوون. هەر بۆیە تەواوی شانازییەکان و هۆکارەکانی سەرکەوتن لە دنیادا هی دایکانە.

لەو کاتەدا تەیموور ئەو بەورە شەلە، ئەو خاپوورکەرەی شاران بە بیستنی ئەو قسانە ســـەری سپی بەرەو سینگی شۆڕ بووە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە فکران ڕاچوو، لە دواییدا سەری هەڵێنا و ڕووی کردە دانیشتوانی بارەگاکەی و گوتی:

– من تەیموور بەندەی خودا! ئەوەی کە دەبێ بیڵێم ئێســـتا دەیڵێم! تا ئێستا ساڵیانێکی درێژ ژیاوم، زەوی لە ژێر پێی مندا دەناڵێنێ و ماوەی سی ساڵە بەرهەمی مەرگ بەو دەستانە دەدرووممەوە. بۆ وەوەدەستهێنانی وێرانی و کوشتار، تا تۆڵەی مەرگی جهانگیری خۆم بستێنمەوە. لەبەر ئەوە دەســـتم داوەتە دڵڕەقی لە ڕادەبەدەر، چونکە تەنیا مەرگ ڕووناکی دڵمی کوژاندۆتەوە! ئەوانەی لەگەڵ من شەڕیان کردووە، تەنیا بۆ تاج و تەخت و شارەکان بووە. هیچ کامیان بۆ بوون و گەورەیی مرۆڤ لەگەڵ من دەست بە پەنجەیـــان نەرم نەکردووە. لە بۆچوونی مندا مرۆڤ هیچ بایەخێکی نەبووە و قەت نەمزانیوە کە مرۆڤ چییە و بۆچی لەســـەر ڕێگای مندا ڕاوەستاوە؟ دوای زاڵبوونم بەســـەر بایزیددا ئاوام گـــوت: بەداخەوە بایزید لە بۆچوونی خواوەندەوە زەوی و خەڵک هیچ بایەخێکیان نییە. ئەتۆ بڕوانە ئەو هەموو خەڵکـــەی کەوتوونەتە ژێر فەرمانی کەســـانێکی وەک من و تۆ! تۆ گۆجی و منیش شـــەل! کاتێک بایزیدیان بە زنجیرکـــراوی بۆ لای من هێنا، لەبەر قورســـایی زەنجیرەکان نەیدەتوانی بە پێوە ڕابوەســـتێ و ئەوم لەو پەڕی زەبوونـــی و لێقەوماویدا دی، ئەو کات هەســـتم کرد کە ژیـــان زۆر تاڵ و دژوارە.

مـــن تەیمووری بەندە و عەبدی خودا، ئەوەی دەبێ بیڵێم ئێســـتا دەیڵێم!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێســـتا لە بەرامبەری مندا ژنێک دانیشتووە، کە وێنەی وەک ئەو زۆرن ئەو لە دڵی مندا هەســـتێکی بزواند، کە تا ئێســـتا هەستم پێ نەکردووە. ئەو لەگەڵ من وەک کەسێکی زۆر نزیک قسە دەکا، پارانەوە و لاڵانەوەی نییە، بەڵکو زۆر ئازایانە داواکاری خۆی دەردەبڕێ و منیش ئێســـتا دەزانم و لێی حاڵی بووم، کە بۆچی ئەو ژنە ئاوا بەهێز و توانا قســـە لەگەڵ مندا دەکا.
ئەو دایکە و خۆشەویســـتی هانی داوە و توانیویەتی لێکدانەوەی هەبێ، کە کوڕی ئەو بەرهەمی ژیانی ئەوە و دەکرێ لەو بەرهەمە برووسکەیەک پەیدا بێ، کە چەند سەدە نەکوژێتەوە. مەگەر هەموو پێغەمبەران منداڵ نەبوون و تەواوی قارەمانانی دنیا ڕۆژێک لاواز نەبوون؟ ئاخ جهانگیر سۆمای چاوەکانی من! ڕەنگە دەســـتی ڕۆژگار وای کردبێ، کە تۆ ســـەرزەوی ڕوون بکەی و تۆوی بەختەوەری تێدا بچێنی. من تەواوی زەویم بە خوێن پاراو کردووە و خەملاندوومە و لەسەر زەوی شەلاقی تووڕەیی و غەزەبی خودا بووم.
تەیمـــوور ماوەیەک بێدەنگ بوو، بەو شـــێوەیە بێدەنگی خۆی شـــکاند و گوتی:
من تەیموور بەندەی خودا ئەوەی دەبێ بیڵێم، ئێســـتا دەیڵێم! هەر ئێستا سێ سەد کەس سوار ساز بن و بە هەر چوار قوڕنی وڵاتی مندا بڵاوببنەوە و کـــوڕی ئەو ژنە بدۆزنەوە. ئەو ژنەش هەر لێرە دەمێنێتەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ســـوارەکان دەکا و منیش لەگـــەڵ ئەو چاوەڕوانم، هەر کام لەو سوارانە لەگەڵ کوڕی ئەو ژنە بگەڕێتەوە، بە زێڕوزیو خەڵات دەکرێ. ئەوەیە بڕیاری تەیموور! ئەی ژن بەو بڕیارە ڕازی؟
ژنەکە پرچە ڕەشەکانی لەســـەر ڕوخساری خۆی لادا، بزەیەکی هاتە سەر لێوان و سەری جووڵاند و گوتی: بڕیارێکی بەجێیە ئەی پاشا!
ئەو کات پیرەمێردی جەنگاوەر هەستا سەر پێ و بێ ئەوەی قسەیەک بکا وای نواند، کە ڕێز لەو ژنە دەگرێ.
کرمانی شاعیر، کە لە بادە سەرخۆش ببوو، بە خۆشحاڵییەوە کە لە تاریف نایە گوتی: بۆ پێ هەڵگوتنی گوڵ و ئەســـتێرەکان چ شـــتێک لە شێعری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوان، باشترە؟

ئەگەر ئەویندارێک ئەو قسەی گوێ لێ بێ دەڵێ: ڕوخساری یار! ئاخ دەزانم کە ئەستێرەکانی ئاسمان لە تاریکە شەودا زۆر جوانن و تیشکی خۆرەتاوی نیوەڕۆیانی هاوینیش زۆر جوانە، بەڵام چاوی گەشـــی خۆشەویستەکەم لە هەمووان جوانترە!

بزەی ئەو لە تیشکی خۆر گەشترە! بەڵام باشترین شیعر کە دەبێ بگوترێ، نەگوتراوە ئەو شیعرە لە مەدح و سەنای دڵی دنیا لە تاریفی دڵی زیندەوەرێک کە ئێمە مرۆڤ پێی دەڵێین دایک.

لەو کاتەدا تەیموور بە شاعیری دەرباری خۆی گوت: ڕاست وایە کرمانی! خـــودا لە خوڵقاندنی تۆدا بەهەڵە نەچووە، کـــە زمانی تۆی بۆ دەربڕین و ئاشکرا کردن هەڵبژاردووە.

ژنەکە بزەی لەســـەر لێـــوی نەدەبڕا و کات لەگەڵ کات ڕوخســـاری زیاتر دەگەشایەوە. هەموو شا و شازادە و سەردارەکان چاویان بڕیبووە ژنەکە و لە خۆشیان بزەیان دەهاتێ.

تەواوی ئەوانە ڕاســـتن، تەواوی ئەوانەی لێرە باس کران ڕاستییەکن، کە بە چاو دیتراون. لەو ڕاســـتیە دایکانی ئێمە چاکتر ئاگادارن، لە ئەوان بپرسن تا پێتان بڵێن.

دایـــکان لە مـــەرگ بەهێزترن. هەموو زانا و پســـپۆرانی جیهان لە دوایێنی ئەواندا پێ دەگەن. دایکان تەواوی پێداویســـتییەکانی گەورەیی و شانازیی دنیا بەدیاری دێنن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لای لایی دایک

«ماکسیم گورکی»

شەوێکی ماتەم گرتووی هاوین، لە یەکێک لە داڵانە دوورکەوتووەکانی قەراغ شار، تووشـــی دیمەنێکی سەرســـوورهێنەر بووم. ژنێک لە نێو گۆلاوێکی گەورەی ئاودا ڕاوەستابوو، وەک منداڵێک یاری بە قوڕاوەکە دەکرد و شەقی تێ هەڵدەدا و بەولاولادا بڵاوی دەکردەوە، هەڵدەپەڕی و ئاوازەیەکی ناخۆشی بە لووتی وڕینە دەکرد.

بە درێژایی ئەو ڕۆژە باران بارییوو و تۆفان هەموو شـــاری داگرتبوو و گڵ و خۆڵـــی داڵانەکانی کردبوو بە قوڕ و لیتە. گۆلاوەکە قووڵ بوو، ژنەکە تا نیزیک ئەژنۆکانی چووبووە ناوی. لە شـــێوە قسەکردنەکەی ڕا دیاربوو کە ژنەکە مەستە و ئەگەر کەوتبا هەر زۆر زوو دەخنکا، چونکە زۆر ماندوو ببوو و نەیدەتوانی هەستێتەوە سەرپێی.

چەکمە مل درێژەکانم هەڵکێشا و چوومە ناو گۆلاوەکە و پیلیم گرت و بەرەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشکایی ڕامکێشـــا. لە یەکەم ڕاکێشاندا ترســـام، بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێ بە دوامدا هات، بەڵام لە پڕدا خۆی ڕاپســـکاند و پیلی ڕاســـتی، کە بە دەســـت منەوە بوو، ئازادی کرد و مستێکی توندی لە سینگم دا و هاواری کرد «بگەنە فریام» و بەرەو گۆلاوەکە ڕای کرد و منیشـــی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا.

بە پچڕ پچڕ گوتی: «مەلعوون! نارۆم! بۆ خۆم دەڕۆم....... ئەتۆ برۆ........ بگەنە فریام!»

لەو کاتەدا پاســـەوانێک لە تاریکاییەکدا هاتـــە دەرێ و لە پێنج هەنگاوی ئێمەدا ڕاوەســـتا و بە دەنگی بەرز پرســـی:-کێیە هاوار دەکا و مەبەستی یارمەتی هەیە؟

پێم گوت دەترســـێم ئەو ژنە لەو گۆلاوەدا بخنکێ و منیش دەمەەویســـت لە ئاوەکە بیهێنمە دەرێ. پاســـەوانەکە لە نیزیکەوە لە ڕوخســـاری ژنەکە وردبۆوە، تفێکی ڕۆ کرد و بە توندی گوتی:

- ماشکا، وەرە دەرێ!
- نایەم.
- بە تۆ دەڵێم وەرە دەرێ!
- نایەم.
- سەلیتە، دەبێ چینێکی وات تێ هەڵدەم، کە بۆ خۆت کەیفی پێوە بکەی! پاسەوانەکە ئەو بڕیارەی دا بێ ئەوەی بۆنی دوژمنایەتی لێ بێ. لە دوایی ڕووی لە من کرد و گوتی: «ماڵەکەی لەو نزیکانەیە، شادانە دەفرۆشێ. زگی خۆی پێ تێردەکا، نێوی ماشکایە. سیگاریش دەکیشێ؟»

ســـیگارێکمان داگیرســـاند. هێشـــتا ژنەکە ئازایانە لە ناو گۆلاوەکە خۆی هەڵدەهاویشت و جارجارێکیش هاواری دەکرد.

«چـــاو لە ئاغای! من خۆم ئاغای خۆمم! ئەگـــەر پێم خۆش بێ هەر لێرە خۆم دەشۆم.»

پاسەوانەکە کە پیاوێکی بە ساڵداچووی ڕدێندار بوو، گوتی: «حەمامێکت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێدەکـــەم کە کەیفی پێبکەی! کاکی برا ئەوە کاری هەموو شـــەوێکیەتی، کوڕێکی نەقوستانی هەیە.»
گوتم: ماڵەکەی زۆر دوورە!
وەڵامی نەداوە و گوتی: «دەبێ بکوژرێ»
منیش گوتم: «دەبێ بیگەیەنمەوە ماڵێ.»
ڕدێنی هەڵتەکاند و بزەیەکی هاتێ. ســـیگارەکەی بەرەو ڕووی من ڕاگرت و لە دواییدا فرێی دایە ســـەر زەوی و گوتی بیبەوە، بەڵام لە پێشـــدا چاو لە پاوپووزی بکە.
لەو نێوەدا، ژنەکە لە نێو قوڕولیتەکە دانیشت و دەستەکانی لە نێو قوڕاوەکەدا دەگێڕا و بە شێوەیەکی ناحەز هاواری دەکرد:
«لە نێو..... دەریایەکی....... قووڵ.....»
لەو شوێنە کە دانیشتبوو، تیشکی ئەستێرەیەکی گەورە لە قووڵایی تاریکایی سەر سەری لە نێو قوڕاوی گۆلاوەکەدا دەدرەوشایەوە، هەر کاتێک مەندایی ئاوەکە تێک دەچوو، ئەو ترووسکانەش تێک دەچوو. جارێکی دیکە چوومە ناو گۆلاوەکە و بن پیلیم گرت و لە حاڵێکدا بە ئەژنۆ پاڵم پێوە دەنا و بۆ لای پەرژینەکەم برد. لەپڕدا گەڕایەوە و دەستەکانی هەڵسووڕاند و حاڵەتی هێرشی بە خۆیەوە گرت.
- باشـــە لێمدە! لێمدە! عەیبی نییە لێمدە! هەی جانەوەر! قەساب! دیسان لێمدە!
دوای ئەوە پاڵم بە پەرژینەکەدا لێم پرســـی، ماڵەکەت لە کوێیە. ســـەری هەڵبـــڕی و چاوەکانی لـــە چاوم بڕی. لووتیم دی چووبـــۆوە دەوی، تەنیا نوختەیەکی بچووک نەبێ کە قیت ببۆوە. لێوی سەرەوەی بە هۆی برینێک بۆ لای ڕاستی کێشرابووە و ددانە بچووکەکانی بەدیار کەوتبوون و ڕوخساری ناشیرینی بە بزەیەکی نالەبار دادەپۆشی. ڕووی لە من کرد و گوتی: «زۆر باشە با بڕۆین»
لە حاڵێکدا قاچەکانی تێک دەئالان وەڕێکەوتین، داوێنی کراســـە تەڕەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شلّپەشلّپ وەلاقەکانی دەکەوت. دەتگوت مەستی لەسەری پەڕیوە و هۆشی هاتۆتەوە بەر. گوتی: «وەرە گیانە، دەتبەمەوە مالّیّ، دەتحەسێنمەوە.» منی بردە حەوشەی خانوویەکی دووتەبەقەی گەورە. وەک کوێرێکی شارەزا بە لەباری هێمنی بە نێو داشـــقە و بۆشـــکە ســـندوقە کۆن و لێژەی دارە وردکراوەکاندا تێپەڕ بوو. لە بەرامبەر کونێکدا ڕاوەستا و گوتی: « فەرموو بۆ ژووریّ.»

دوای ئـــەوەی پالّم دا بە دیوارە پیس و قوراوی ژوورەکە، نێوقەدیم گرت و لە پلیکانەکان هێنامە خواریّ، لە حالّێکدا بە سەختی خۆم ڕاگرتبوو، قفلّی دەرگاکەم کردەوە. بێ ئەوەی توانای چوونە پێشـــم هەبێ، لە چوارچێوەی تاریکی دەرگادا بەجێمام. دەنگێکی ناسک لە نێو تاریکیدا پرسی:

– دایە، ئەتۆی؟
– منم، ڕۆلّە.

بۆنی ناخۆشی تەڕەشوع و ڕزیوی وەبەر لووتم هات. شەمچەیەک داگیرسا. گڕی بچووکی ئەو بۆ چەند چرکەیەک ڕوخســـاری ڕەنگ پەڕیوی منداڵێکی دەرخست و لە دواییدا کوژاوە. ژنەکە گوتی:

– ئەمنم ڕۆلّە گیان، کێ هەیە بێجگە لەمن سەری تۆ بدا؟

شەمچەیەکی دیکە داگیرسا. دەستێکی وردیلە بەلەرزە لەرز چرا لامپایەکی بچووکی هەلّکرد. ژنە گوتی: «خۆشەویستم» . خۆی پێ ڕانەگیرا، لەسەر سەکۆیەکی پان کە بەرزاییەکی کەمی هەبوو، خۆی بە ئەرزدا دا.

منداڵەکە بە سەرنجەوە دەیڕوانییە چراکە، گڕی چراکە هەلّکشا و دووکەلّی کرد. پلّیتەکەی داکێشا. ڕوخساری بچووک و زەردهەلّگەڕاو بوو. بە لووتی باریکی و لێوەکانی وەک کچان دەچوو، ڕوخســـاری بچووکی بەسەر لاپەڕی ڕەشـــی خانووە تەڕەشـــعۆدارەکە بەرز دەینواند. هـــەر دەتگوت بە قەلّەم موویەکی ناسک نەقاشـــی کراوە. دوای چاودێری چراکە، بە چاوەکانی کە لەبـــن برژانگە درێژەکانی دەدرەوشـــانەوە، ڕوانییە من و گوتی: «عارەقی خواردۆتەوە؟»

دایکی لەسەر تەختی خەو، لە پڕخەی خەودا هەنیسکی دەدا. گوتم:
- دەبێ جلوبەرگەکانی داکەنم.
چاوی لەبەر خۆ ناو سەری شۆڕ کردەوە و گوتی: «دایکەنە»
ئەو کات کە خەریکی داکەندنی داوێنی ژنەکە بووم، بە شێوەیەکی ئارام و کاسبکارانە پرسی: دەبێ چراکە بکوژێنمەوە؟
- بۆچی؟
وەڵامــی نەدایەوە و بێدەنگ بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە دایکیم وەک تا ئاردێک دەهێنا و دەبرد، ئەویشم لە ژێر چاودێری گرتبوو.
کوڕەکە لە نێو سەندوقێکی کارتۆنی ئەستوور کە بە پیتی گەورە لەسەری نوسرابوو «ئاگاولێ بێ، کۆمپانیای ن.ز» دانیشتبوو.
لەســەر دیوار چەندین قەفەسەی باریک دەبیندرا، کە لەسەر ئەوان پاکەتە سیگار و شەمچە کەڵەکە کرابوون. لە تەنیشت ئەو سندووقەی کە کوڕەکەی تێدا دانیشتبوو، سندوقێکی دیکە دانرابوو، کە بە کاغەزی زەرد داپۆشرابوو و بە ڕواڵەت بە جێگای مێز کەڵکی لێ وەردەگیرا. کوڕەکە دەستە لاوازەکانی خستبووە پشت سەری و چاوی بڕیبووە شووشەی تاریکی پەنجەرەکە. دوای ئەوە کە جلوبەرگم لەبەر ژنەکە داکەند و جلە تەڕەکانم بەسەر کوورەکەدا دا و دەستەکانی خۆم شۆرد، بە کوڕەکەم گوت: «تەواو بوو، خواحافیز.»
چاوی بڕییە من و بە ئەســپایی پرســی: «باشــە، ئێســتا دەبێ چراکە بکوژێنمەوە.»
- ئەگەر بۆ خۆت پێت خۆش بێ.
- دەتهەوێ بڕۆی؟ لەگەڵی نانوی؟ بە دەست ئیشارەی بە دایکی کرد و گوتی: «لە باوەشی ئەودا؟» پێم سەیر بوو. بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: «بۆچی؟»
زۆر بە ساکاری و تێکەڵاو بە ترسەوە گوتی: «بۆ خۆت دەزانی»، هیندێک ڕاوەســتا تا بەســەر خۆیدا زاڵ بێ، ئەوجار گوتی: «هەموویان ئەو کارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن.»
بە شەرمەوە چاوێکم لە دەوروبەری خۆم کرد. لە لای ڕاست کوورەیەکی بێ قەوارە دەبیندرا، کە زاری لێک ئاوەڵە کردبۆوە. لەسەر ئەرزی ژوورەکە قاپ و قاچاخێکی زۆر پیس بە هەموو لایەکدا پرش و بڵاو ببوون. لە گۆشەیەکی دیکەی ژوورەکە لە پشت سندوقێک لە تەک و پەتکی گوریسێکی قیراوی و کۆگایەک لە گیای شادانە، داری وردکراو و دارێک کە سەتڵە ئاوەکانیان پێ ڕادەگواست، کەوتبوونە سەر یەک. جەنازەیەک لە بەرامبەرمدا درێژ ببوو و پرخەی ژوورەکەی هەڵگرتبوو.
لە کوڕەکەم پرسی: «دەتوانم کەمێک لە لات دانیشم؟»
لە ژێر برۆکانیەوە چاوێکی لێ کردم و گوتی: «بەڵام ئەوە تا بەیانی وەخەبەر نایە.»
- پێویستییەکەم پێی نییە.
لە تەنیشت سندووقەکەی هەڵترووشکام، لە حاڵێکدا دەمهەویست بە شێوەیەکی گاڵتەجار ڕووداوەکەی بۆ بگێڕمەوە، کە چۆن لەگەڵ دایکی ڕووبەڕوو بووم. گوتم: «لە نێو قوڕولیتە دانیشتبوو بە دەستەکانی لێکی دەدا و گۆرانی دەگوت....» لە حاڵێکدا بزەیەکی تاڵی لەسەر لێوان بوو، بە جووڵانی سەری سەلماندی. سینگە بچووکەکەی خوراند و گوتی: «لەبەر ئەوە ئارەقی خواردۆتەوە وای کردووە، ئەو کاتانەی کە هۆش و بیری لەسەر خۆیە، دڵی ساف و بێگەردە.»
لەو کاتەدا توانیم چاوەکانی بە ئاشکرا ببینم. مژۆڵەکانی بە چەشنێکی سەیر درێژ و برۆکانی ڕەش و تێکەڵاو بوون.
حاڵەتی چاوەکانی وردبین و لە هەمان کاتدا ئارام و هێدی دیار بوون و بۆ من خۆڕاگری لە بەرامبەر نیگای سەخت و دژوار بوو. پرسیارم کرد: «لاقەکانت چیان بەسەر هاتووە؟»
پەڕۆپاڵەکانی لادا و لاقە هەڵقرچاوەکانی کە وەک داری ڕەق وابوون، لەسەر لێواری سندوقەکەی دانا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– بەو شێوەن. هەردووکیان لەو کاتەیەوە کە لە دایک بووم، ناجووڵێن. زیندوو نین.

– تێگەیشتم، لە نێو ئەو سندوقەدا چییە؟

– پێشانگای بوونەوەرانە.

– لاقەکانی بە چەشنی گۆچانێک بە دەست گرت و خستیەوە ناو پەڕۆوپاڵی نێو سندووقەکە و لە حاڵێکدا بزەیەکی نەرمی لەسەر لێوان بوو گوتی: «دەتهەوێ پێشانگاکەم ببینی؟ باشە، فەرموو، ئاسوودە دانیشە، هەتا ئێستا شتی وا سەیرت نەدیوە.»

دوای ئەوەی باسکە لەڕ و لاوازەکانی بە چاکی جووڵاند، خۆی هەڵێنا و دەستی بە هێنانە خواری قوتوولکەکان کرد کە لەسەر قەفەسەدا بوون. یەک بە دوای یەک ئەوانی دەدا دەستی من: «وریا بە، دەرگاکانیان نەکرێتەوە. دەنا هەڵدێن. یەکێکیان بە گوێتەوە بنێ و گوێ ڕابگرە؟ باشە»

– شتێک دەجووڵێتەوە.

– ئەوەیان جاڵجاڵۆکەیەکی تێدایە. نالەبارە! نێوی تابالەیە!

چاوەکانی کوڕەکە گەشتر و پڕلە خۆشەویستی بوون و پێکەنینێک ڕوخساری داگرت. تەردەستانە قوتولکەکانی لەسەر قەفەسەکە هەڵدەگرت و یەکەم جار بە گوێی خۆی و دواییش بە گوێی منەوەی دەنووساند و زۆر دۆستانە لەگەڵ من دەدوا.

«ئانیسەم» بەرسوورکەیەکی حەمامە، بە وێنەی سەربازێکە. ئەوەش مێشێکە ژنی کابرایەکی بازڕەسە و لە هەمووواندا بۆڵەی دەکا. بە درێژایی ڕۆژ وزەوزیەتی، تەنانەت مووی سەری دایکیشم ڕادەکێشی، مێش نییە سەری بازرەسێکە. پەنجەرەی ماڵەکەی ڕوو بە شەقامەکەیە. تەنیا بە وێنە وەک مێش دەچێ. ئەوەش قالۆنچەیەکی ڕەشی حەمامە. یەکێکە لە گەورەکان. ئاغا، زۆر باشە، تەنیا مەستە، شەرم ناکا. کۆدەبێتەوە، ڕووت و کوڵکاوی، وەک سەگێکی ڕەش بە دەوری حەوشەدا دەخۆشی. ئەوەش «پوورە نیکویم» سریلەیەکە لە حەوشە گرتوومە زۆر ناجسنە و یەکێکە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستبڕەکان. لەسەر ئەو باوەڕە بووم، کە ئەوە بۆ کلیسا شت کۆدەکاتەوە. دایکم بە ناوی دەســـتبڕ بانگی دەکا. ئەویش ئاشقی دایکمە. دایکم لەگەڵ ئەوەدا جوان نییـــە، وەک ماروموور دەزگیرانی هەیە بە ئەندازەیەک کە لە ژمار نایەن.

– لە تۆ نادا؟

– دایکم؟ زۆر شێتی... بێ من ناتوانێ بژی. دڵسافە و هیچ لە دڵیدا ڕاناگـــرێ، تەنیا عەیبـــی ئەوەیە کە ئارەق دەخواتـــەوە، بەڵام لە گەڕەکی ئێمە هەموو ئارەق دەخۆنەوە. جوانـــە، لەبارە... تەنیا عەیبی ئەوەیە کە ئارەق دەخواتەوە. زۆری پێی دەڵێم بێ عەقڵ لەو ئارەق خواردنەوە دەست هەڵگـــرە، ئەو کات پارە و پووڵت دەبێ. لە وەڵامی مندا تەنیا پێدەکەنێ. ژنێکی بێ عەقڵە، بەڵام دڵســـافە. لە دوای ئەوە مەستی لەسەری پەڕی بە چاوی خۆت دەیبینی.

کوڕەکـــە بزەیەکی وای لەســـەر لێوان بوو، کە هەســـت و بەزەیی مرۆڤی دەجووڵاند، بە چەشـــنێک کە پڕ بە دڵ هاوار بکەی و هەموو خەڵکی شار ئاگادار بکەیتەوە. ســـەری بچووک و جوانی لەسەر ملی باریکی بە چەشنی گوڵێکی ســـەیر لە جووڵاندا بوو. چاوەکانی هەستی خوشەویستییان تێدا دەدرەوشایەوە و بە توانایەکی لە رادەبەدەر کە بەربەرەکانی لە بەرامبەردا نەدەکرا، منی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و خولیای خۆی دەکردم.

لە حاڵێکدا گوێم دابوو بە قســـە ســـاکار و منداڵانـــەی و لە عەینی حاڵدا ترســـێنەر بۆ ماوەیەک لە یادم چووبوو، کە لە کوێ دانیشـــتووم. لە پڕ بۆ جارێکی دیکە چاوم بە پەنجەرەی قوڕاوی ئەو زیندانە و زاری ڕەشی کوڕە و کۆگای گیای شادانە و گەندەکی زەرد هەڵگەڕاوی ژنە کە لەسەر پەڕۆ و پاڵ خەوتبوو، کەوت.

کوڕەکە پرسی: «پێشانگایەکی باشە؟»

– زۆر باشە.

– بەڵام پەپوولەیەکم کەمە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ناوت چییه؟
- لنکا.
- هاوناوین.
- بەڕاستیته؟ ئەتۆ چ جۆره مرۆڤێکی؟
- هیچ جۆره. ئاسایی.
- وا نییه، ئەتۆ درۆ دەکەی. هەر کەس به جۆرێکه. من دەزانم ئەتۆ پیاوێکی باشی.
- ڕەنگه وابێ.
- تێگەیشتم. ئەتۆش مرۆڤێکی ترسنۆکی.
- لەبەر چی؟ بۆ ئاوا بیردەکەییەوه؟
- دەزانم. لەسەرخۆ پێکەنی و تەنانەت چاوێکیشی لێ ترووکاندم.
- چۆن دەزانی؟
- لەبەر ئەوه بەو شـــەوه درەنگه لە لای من دانیشـــتووی و ناوێری بڕۆیەوه بۆ ماڵێ.
- بەڵام ئێستا که بەیانییه.
- ئەگەر وایه دەڕۆی؟
- دەگەڕێمەوه.

باوەڕی به قسەکەم نەبوو. چاوەکانی لەسەر یەک دانا بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو. له دواییدا گوتی: «بۆچی دەگەڕێیەوه؟»

- بۆچی؟ بۆ دیتنی تۆ. کوڕێکی لەسەردڵانی. بێمەوه؟
- حەتمەن، هەموو دێن بۆ ئێره. ئەو جار هەناســـەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «گاڵتەم پێ دەکەی؟»
- سوێندت بۆ دەخۆم که دێمەوه.
- حەتمەن وەرەوه. بۆ ســـەردانی من نەک دایکم، ڕاست نەبێتەوه... ئێزن بده پێکەوه ببین به هاوڕێ، باشه؟
- گەلێک باشه.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- گرینگ نییە ئەتۆ لە من گەورەتری. تەمەنت چەندە؟
- بیست ساڵ.
- منیش تەمەنم یازدە ساڵە. بێجگە لە کاتکا کچی ئاوفرۆشەکە هەڤاڵێکی دیکەم نییە. دایکی لێیدەدا لەبەر ئەوە دێ بۆ دیتنی من.
- ئەتۆ دزی؟
- نا بۆچی دز؟
- دەم و لوتت لەڕ و لاواز و ترسێنەرە. لوتت وەک لوتی دزان هەڵکەوتووە. دوو دانەیان هاتووچۆی ئێرە دەکەن. یەکێکیان ناوی ساشکاسە مرۆڤێکی پیس و بێ عەقڵە! ئەوی دیکەش وانچیسکاس وەک سەگ بەوەفایە. ئەتۆ قوتووی بچووکت هەیە؟
- چەند دانەیەکت بۆ دەهێنم.
- بیهێنە، بەڵام بە دایکم ناڵێم، کە ئەتۆ دێیتە ئێرە.
- بۆچی پێ ناڵێی؟
- پێی ناڵێم. هەر کاتێک پیاوێک دێ بۆ ئێرە ئەو خۆشحاڵە. لەبەر ئەوە پیاوی خۆشدەوێ. ئەوە زۆر خراپە. دایکم ژنێکی زۆر شۆخ و شەنگە، تەمەنی چواردەساڵان بووە، کە منی هێناوتە دنیا، بۆخۆشی نازانێ کە ئەو ڕووداوە چۆن ڕوویداوە؟...... دەی زۆر باشە کەنگێ دێیەوە؟
- سبەی شەو.
- سبەی شەو؟ ئەو کات دایکم مەستە. ئەگەر ئەتۆ دز نیت ئەدی چکارەی؟
- کواس و وارپای* دەفرۆشم. دڵنیابە شوشەیەکت بۆ دەهێنم. ئیدی دەبێ من بڕۆم.
- باشە بڕۆ. دەگەڕێیەوە؟
- بێگومان.

هەردوو دەستە درێژەکانی بۆ لای من درێژ کرد و من دەستە باریک و ساردەکانیم گوشی، بێ ئەوە پشت سەرم چاو لێ بکەم، لە پلیکانەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەسەرکەوتم و بە چەشنی مەستێک چوومە نێو حەوشەکە.
«سیوادی دابوو ئەستێرەی بەیانی لەسەر خانووە نیوە وێرانە و شۆدارەکەدا بە لەرزە لەرز دوور دەکەوتەوە.» لە نێو گۆلاوی پیسی بن دیواریماڵەکە وێنەی پەنجەرەی ئەشکەوتەکە کە دەتگوت چاوێکی خەواڵووە زەق چاوی بڕیبووە من. لە نێو داشقەی نزیک دەرگای حەوشە، پیاوێکی گوندی سوورسپی ڕاکشابوو و لاقە گەورە و پێخواسەکانی لێک ئاوەڵا کردبوو.
ڕیشێکی ڕەق و چڵ چڵی هەبوو، کە ددانە سپییەکانی لەنێو واندا دەدرەوشایەوە. وا دەهاتە بەر چاو کە لەخەودا پێدەکەنێ. سەگێکی پیر کە سەر ملی ڕووتابووە و وێ دەچوو کە سووتابێ، هێدی هێدی بۆ لام هات و بۆنێکی پێوە کردم و ئارام و لەسەرەخۆ و لە برسان لوورەیەکی کرد، بە چەشنێک کە دڵمی وەجۆش هێناو هەست و ویژدانی جووڵاندم. وردەوردە خۆر بە ڕەنگی زەرد و پەڕیو لە ئاسۆ وەسەر دەکەوت و شەبەقی خۆی دەخستە سەر گۆلاوەکان، ئەو ڕەنگدانەوە بە چشنێک جوانی دەبەخشی، کە ڕۆحی بنیادەمی ئالوودەی دەهەژاند.
ڕۆژی دواتر، داوام لە منداڵانی هاوڕێم کرد، کە چەند دانە پەپوولە و مێتولکم بۆ بگرن. لە دەواخانە چەند قوتووی بچووک و جوانم کڕی و بۆ دیتنی لنکا بەرەو ماڵیان وەڕێکەوتم. لەسەر ڕێگا دوو شوشە کواس و هێندێک ئاوجۆ و نان قەندی و ئاونەباتم کڕی و ئەوانیشم لەگەڵ خۆم برد.
لنکا لە حاڵێکدا لە خۆشیان چاوە جوانەکانی پێ زەق ببوون، بە سەرسوورمانەوە دیارییەکانی لێ وەرگرتم. چاوەکانی لە ڕووناکی ڕۆژدا سەیرتر دەیان نواند.
بە دەنگێکی گڕ کە وەک دەنگی منداڵان نەدەچوو، هاواری کرد:
وەی، وەی! ئەوانەت بۆ من هێناوە! پووڵداری؟ ئەوە چۆنە؟ پووڵداری، بەڵام بێ جلوبەرگی، بۆ خۆشت دەڵێی کە دز نیم؟
وەی، وەی! ئەو قوتووە بچووکانە! من شەرم دەکەم دەستیان لێ بدەم. دەستەکانم خاوێن نین، لە نێو ئەوەدا چییە؟ ئەها، میتولکەیەک وەک مسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سووره . ئەی نالەبار! هەڵیش دێن؟ هەڵدەفڕن؟ خوایا! لە پڕدا هاواری کرد: دایە وەرە دەستم بشۆرە . بێ عەقڵ، چاو لێ بکە چی بۆ هێناوم! ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە دوێنێ شەو وەک پۆلیسێک ئەتۆی هێناوە ماڵێ . ئەوە بۆ خۆیەتی ناوی لنکایە . دەنگێکی ئارام و سەیر لە پشت سەرمەوە بەر گوێم کەوت:

- دەبێ سوپاسی لێ بکەی.
- کوڕەکـــە بە تونـــدی ســـەرێکی جووڵاند و گوتی: «ســـوپاس، سوپاس.»

هەڵم و مژێکی توند لە ژوورەکە مەوجی دەدا و من بە سەختی توانیم سەری ئاڵۆز و ڕوخساری ناحەزی ژنەکە ببینم.

- حاڵ و وەزعت چۆنە؟

ژنەکـــەش دووپاتی کردەوە: «حاڵ و وەزعـــت چۆنە؟»، دەنگەکە لە نێو لووتیدا دەخنکا، بەڵام وای دەنواند کە لەسەر یەک شاد و کەیف ساز بوو. بە چاو ترووکاندن و پێکەنین چاوی بڕیبووە من.

لنـــکا بێ خەبەر لە من، خەریکی خواردنی نان قەندی بوو. لەگەڵ ئەوە بە لەسەرخۆیی سەری قوتووەکانی دەکردەوە و لەبەرخۆیەوە ورتەی دەهات. مژۆڵەکانی سێبەریان دەخستە سەر گۆناکانی و بازنەی ژێرچاوەکانی تاریکتر دەکـــرد. خۆر بە وێنەی پیرەپیاوێکی ڕەنگ پەڕیو لە شووشـــەی پیســـی پەنجەرەکەوە ســـەری بەناو ماڵەکەدا دەکێشا و تیشکێکی باریک دەکەوتە سەر مووەکانی، کە ئاماڵ مەیلەوسوور بوون. دووگمەی کراسەکەی کرابووە و ســـینگی دیار کەوتبوو. من لێدانی دڵی ئەوم لە پشت پەراسووەکانی ڕا دەدی و هەستم دەکرد.

دایکی لەســـەر جێگاکەی هاتە خوارێ، خاولییەکەی تەڕ کرد و بەرەو لنکا هات و دەســـتی چەپی گرت. لنکا هاواری کرد: «دەیهەوێ هەڵێ! بیگرە! دەیهەوێ هەڵبێ!» و بە پێ دەســـتی کرد بە هەڵبەز و دابەز بەو لا و لای سنووقەکەدا. پەڕۆ و پاڵە بۆگەنەکانی دەخستە دەرێ و لاقە بێحاڵ و شین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵگەڕاوەکانی ڕووت و ڕەجاڵ کرد. ژنەکە قاقا پێکەنی و دەستی لە نێو پەڕۆ و پاڵەکە ڕاکرد و لەپڕدا هاواری کرد: «گرتم» ئەوەی لە نێو لەپی دەستیدا ڕاگرت و بە چاوەکانی کە وەک ڕەنگی گوڵی گەنم بوو، جوان چاوی لێکردم و بە لەسەرەخۆیی گوتی: «لەوانەیە یەکجار زۆرە.»
کوڕەکە بە خۆشحاڵیەوە گوتی: «پانی نەکەیەوە! جارێکیان کە مەست بووی لەسەر قوتوویەکی دانیشتی و چەند دانەیەکت پان و فلْچ کردەوە!»
- کوڕە شیرینەکەم هەوڵ بدە لەبیر خۆتی بەرییەوە.
- ناچار بووم چەند گۆڕێک هەڵکەنم...
- بەڵام قەولم پێ داوی چەند دانەی دیکەت بۆ بگرم.
- چەند دانەی دیکە، کاڵ و نەکوڵیو، ئەوانەی پانت کردنەوە، هەموویان ڕاهێندرابوون. ئەوانەی هاروهاج بوون لە ژێر کوورەکەدا چاڵم کردوون. بۆ شاردنەوەیان لە ژێر خاکدا هەتا دەرێ دەبوایە لەسەر زک بخشێم، لەوێ گۆڕستانێکم هەیە. دەزانی جاڵجاڵۆکەیەکم هەبوو بە ناوی مینکا و بە وێنەی یەکێک لە فاسقەکانی دایکم بوو. ئەو لە زینداندایە، لەگەڵ ئەودا کەیفی سازە.
ژنەکە لە حاڵێکدا دەستی بەسەریدا دێنا و لە باوەشی خۆی گرتبوو: «وەی بەندی دڵم». هەر لەوکاتەدا بە ئانیشکی لە کەلەکەمی دەکوتا و بە پێکەنینەوە پرسیاری کرد: «کوڕەکەم جوانە! چاوەکانی چاو لێ بکە. ها؟»
لنکا پێشنیاری کرد: «چاوێکی من دەربێنن، بەڵام لاقێکم پێ بدەن.»
بە پێکەنینەوە بۆی گێڕامەوە: «جارێکیان، کشیشێکی قەڵەو هاتە ئێرە و گوتی ئەتۆ گیای شادانە کۆدەکەیەوە، دەتوانی پەیژەیەکم بۆ بهۆنیەوە؟ بەڵام تا ئەو کات نەمدەزانی پەیژەیەکی وا هەیە گوتم: «نا، ناتوانم» گوتی: «فێرت دەکەم» عەباکەی دانا، تەنافێکی درێژ و قایمی لە قەدی بەستبوو و بە هۆی ئەوە فێری کردم. بیرم دەکردەوە، کە بۆچی ئەوەی دەوێ؟ ڕەنگە بیهەوێ کلیسایەک تاڵان بکات.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دەنگێکی بەرز پێکەنی. شانی کوڕەکەی لە باوەش گرت و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا دەستی بەسەر سەری کوڕەکەیدا دێنا و دەیلاواندەوە.

– ئەی هاوار لەدەســـت ئەو پیاوە فێڵابازانە! ڕاســـت ئەو کاتەی کە گوتبـــووی هات، پێم گوت ئەگەر ئەو پەیژەیەت بۆ دزی دەوێ، ئیدی بۆت ناهۆنمەوە.

– فێڵبازانـــە پێکەنی و گوتی: نا ئەوەم بۆ چوونەســـەر لە دیوارێک دەوێ. ئێمە کەســـانێکی لە خوا ترس و پیاوچاکین. دیوارێکی بەرز هەیە، کە چاکە لەو دیوی دیوارەکەیە، تێگەیشتی؟ تێگەیشتی؟» باش تێگەیشتم کە پەیژەکەی بۆ ئەوە دەوێ، کە پێ بچێتە لای ژنان. ئەو کات هەردووکمان قاقا پێکەنین.

کوڕەکە وەک پیاوێکی بە ســـاڵاچوو بە دایکی گوت: «ئەتۆ هەر دەتهەوێ پێبکەنی، وا باشە سەماوەرەکە داگیرسێنی.»

– کوڕم قەندمان نییە.

– بڕۆ کەمێکی بکڕە.

– پووڵمان نییە.

– دەچی ئارەق دەخۆیەوە بۆیە پووڵمان نییە. ئێستا لەوە وەربگرە.

ڕووی لە من کرد و گوتی: «پووڵت پێیە؟»

هێندێک پووڵم دا بە ژنەکە. لە جێی خۆی هەســـتا، سەماوەرە شکاو و ڕەنگ و ڕوو ڕۆیشـــتوکەی لەســـەر تاقەکە هەڵگرت و لە حاڵێکدا لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات، لە پشت دەرگا ون بوو. کوڕەکەی بەدوایدا هاواری کرد: «دایە پەنجەرەکە بشـــۆوە ناتوانم هیچ ببینم. لەگەڵ تۆمە سەڵیتە، دیســـان قوتووی جرجانەوەرەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر تاقەکە دانا، کە لە کارتۆن دروســـتی کردبـــوو و بە هۆی بەنێک کە رایەڵ کرابوو، ڕاوەستابوو.

– لـــە کاتی کارکردندا نەتدیوە... هەر جارێک کە دەســـت دەکا بە کۆکردنـــەوەی گیای شـــادانە، تۆز وخۆڵێکـــی زۆر وەڕێ دەخا، کە نزیکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنیادەم بخنکێنێ و منیش هاوار دەکەم: «دایە وەرە من بەرە بۆ حەوشە، دەنا لەو تۆز و خۆڵەدا دەخنکێم.»
بـــەڵام دەڵێ: «تۆزێک خۆڕاگرە، ئەگـــەر تۆ بڕۆی من تەنیا دەمێنمەوە»، منی زۆر خۆش دەوێ. هەموو ماندووبوونێکی لەبەر منە. کار دەکا و گۆرانی دەڵێ هەزار ئاواز دەزانێ.»
چاوە ســـەیرەکانی پڕ ببوون لە خۆشحاڵی، دەدرەوشانەوە، برۆکانی بەرەو سەرێ هەڵداوە و بە دەنگێکی بەرز دەستی کرد بە گۆرانی گوتن:
«ئارینا لەســـەر پەڕی قوو نوستووە......». ماوەیەک گوێم بۆ ڕاگرت و لە دواییدا گوتم: «ئاوازێکی ناخۆشە.»
لنکا بە ئیتمینانەوە گوتی: «هەموویان ئاوان.»
لـــە پڕ لە جێـــی خۆی ڕاپەڕی: «گـــوێ ڕاگرە! مۆســـیقی! زووبە، بەرزم کەرەوە!»
ئێسکە سووک و پرووکاوەکانی لەگەڵ توورەکەی پێستی کە شین هەڵگەڕابوو، لە زەوی بەرزم کردەوە. زۆر بە ئیشتیاوە سەری لە پەنجەرەکە بردە دەرێ و بێدەنگ بوو. لەو ماوەیەدا لاقە سیس و لاوازەکانی بە ئەسپایی دەجووڵاندەوە و لە دیواری دەخشاند. منداڵێک زریکاندی، سەگێک لووراندی، ئۆرگێک لە حەوشـــە دەیناڵاند و پارچە ئاوازێکـــی دەلەراندەوە. لنکا گوێی دابووە ئەو ئاوازە و لەبەر خۆیەوە لەگەڵی دەیگوتەوە.
هەڵمەتووکـــی ناو ژوورەکە نیشـــتەوە و هەوا ڕووناکتر بوو. ســـەعاتێکی هەرزانبایی، کە باندۆڕەکەی بە ئەندازەی ســـکەیەکی مسی دەبوو، لارولار دەهات و دەچوو، لەسەر سەری دایکی هەڵاوەسرابوو. قاپ و قاچاخی سەر ئاورگەکە پیس بوون، چینێکی ئەستووری تۆز و خۆڵ لەسەر هەموو شتێک نیشتبوو، بە تایبەت ئەو قولینچکە بەتانە جاڵجاڵۆکەیەکی پیس تەندرابوو.
ماڵ زۆرتر وەک زبڵدان دەچوو و فەقیری لە دارو دیواری دەباری و هەستی بنیادەمی بریندار دەکرد.
سەماوەر وە هازهووز کەوت. دەنگێکی دڕ گوڕاندی: «بڕۆ دەرەوە.»لەپڕدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی ئۆرگ برِا. ناوچاوانی تێک نا و هێندێک سینگی خووراند، لەسەرخۆ کۆخی و گوتی: «ســینگم ئازارم دەدا، بۆ من باش نییە زۆر هەوای ئازاد هەڵمژم. گوێ ڕاگرە، ئەتۆ تا ئێستا جنۆکەت دیوە؟»

– نا.

– منیــش نەمدیوە. شــەوانە ژێر کوورەکە چاو لــێ دەکەم، بەڵکو دانەیەک ســەر وەدەربێنێ، بەڵام وەدیار ناکەون. لە نێو گۆرستان جنۆکە هەیە، وا نییە؟!

– ئەوانەت بۆچی دەوێ؟

– زۆر سەیرە ئەگەر یەکێکیان باش بوو، ئەو کات چ دەبێ؟ جارێکیان کاتکا کچی ئاوفرۆشەکە، جنۆکەیەکی بچووکی لە ژێرخانەکەی خۆیاندا چاو پێکەوتبوو. ترسابوو، بەڵام من لەو شتانە ناترسێم.

لاقەکانی لە ناو پەڕۆ و پاڵەکانیدا شاردەوە و زۆر ئازایانە درێژەی بە قسەکەی دا و گوتــی: «تەنانەت خەونە ترســێنەرەکانم خۆش دەوێ. جارێکیان لە خەومدا دارێکم دی ســەروبنی سەوز ببوو، ڕەگوریشەی لەسەرەوە بوون و لق و پۆپ و گەڵاکانی لەسەر ئەرز بوون. لە ترسان وەخەبەر هاتم، هەموو گیانم شــەلاڵی ئارەق ببوو. جارێکی دیکەش لــە خەومدا، دایکم بە رووت و قووتی نوســتبوو و چوارپێیەکیش خەریک بوو زگی دەدڕی و دەیخوارد و دوایی تفی دەکردەوە. لە خەونێکی دیکەشــدا ماڵەکەمان لە جێی خۆی هەڵکەندرا و بە جادەدا دەڕۆیشــت و بەدوای ئەویشــدا پشیلەی ژنەکەی بازرەس هەڵدەهات.....»

پێ دەچوو سەرمای بێ خۆی تێک نا، ئاونەباتێکی هەڵگرت و کاغەزەکەی کــە نیوە پچڕابــوو، کردەوە و دوای ئەوە ســافی کرد و لەســەر لێواری پەنجەرەکەی دانا.

– بەو کاغەزە شــتێک دروست دەکەم، شتێکی جوان، یا دەیدەمە بە کاتکا، ئەویش شتی جوانی خۆش دەوێ. گوێ بگرە، ئەگەر بەرسوورکەیەکی حەمام باش تێری بکەی، بە ئەندازەی ئەسپێکی گەورە دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– لێم روون بوو کە ئیمانی بەو قسەیە هەیە هەر بۆیە گوتم: «وایە ئەگەر باش تێری بکەی، گەورە دەبێ.» لە خۆشیان هاواری کرد و گوتی: «وایە، بەڵام دایکم، ئەو بێ عەقڵە پێم پێدەکەنێ.» دوای دەربڕینی هێندێک وشە کە لە باڵای ژنێک نەدەوەشاوە، درێژەی پێ دا:» بێ عەقڵە! ئەگەر پشیلەیەکیش زگی تێر بێ بە ئەندازەی ئەسپێکی لێ دێ. مەگەر وا نییە؟»

– بۆچی، بەڵێ،... لەوانەیە.

– حەیف کە من خواردەمەنی زۆرم نییە! دەنا گەورە دەبووم!»لە خۆشیان وەجووڵە کەوتبوو و دەستەکانی بە شێوەیەکی جوان دەجووڵاندەوە:»میشەکان بە ئەندازەی سەگ گەورە دەبن! لە بەرسووکەکانی حەمامیش دەتوانی بۆ بارکێشان کەڵک وەربگری. ئەگەر بە ئەندازەی ئەسپێک گەورە بن، هێزیشیان زیاد دەکا. وا نییە؟

– چاو لێبکە ئەوان سمێڵیان هەیە.

سمێڵیان هیچ عەیبێکی نییە، دەکرێ بە جێی زاریان بێ. ئەگەر جاڵجاڵۆکەیەک ئەندازەی..... ئەگەر گوتت بە ئەندازەی چی؟ بە ئەندازەی بێچووە پشیلەیەک بوایە، ئەوە ئیدی زۆر سامناک دەبوو! سەد بریا من لاقم هەبوایە! بە هەموو تواناموە کارم دەکرد و تەواوی ئەو جانەوەرانەم تێر دەکرد. دەچوومە سەر کار و خانوویەکم لە نێو مەزرایەکی سەرسەوز بۆ دایکم دەکڕی. ئەتۆ تا ئێستا لە نێو مەزرای سەرسەوز بووی؟

– ئەی چۆن.

– باس و تاریفی مەزرا و لەوەڕگەم بۆ بکە. بۆم باس دەکەی؟

دەستم کرد بە باسکردنی کێڵگە و مەزراکان. زۆر بە ئیشتیاوە بێ ئەوەی قسەکەم ببڕێ، گوێی هەڵخستبوو و هێدی هێدی مژۆڵەکانی قورس دەبوون و زارە بچووکەکەی دەکرایەوە، هەر دەتگوت خەوی لێکەوتووە. بە دیتنی ئەو دیمەنە وردە وردە دەنگم کز کرد، بەڵام دایکی بە سەماوەرەوە هاتە ژوورێ، پاکەتێکی لە بن هەنگڵی دابوو و شووشە ودکایەکی لە نێو باخەڵی

حەشاردابوو.

– ..... هاتمەوە.

کوڕەکەی چاوەکانی هەڵێنان، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «ئەوێم خۆش دەوێ. شوێنێکی بێدەنگ، تەنیا گوڵ و سەوزی لێ بێ. دایە بۆچی داشقە و بارگینێک بەکرێ ناگری، لە ناو کێڵگە و شیناییدا نامگێڕی؟ هەروا پیر دەبم و ئەو شوێنانە نابینم. لە کۆتاییدا بە بێ حورمەتیەوە گوتی: «سوێند دەخۆم کە قاحبەی.» دایکی بە لەسەرەخۆییەوە لاوانیەوە گوتی: «سوێند مەخۆ- ئەتۆ هێشتا بچووک، نابێ ئەو قسانە بکەی...»

– سوێند مەخۆ، هەموو کارێکت کەڵەک و کوڵەکە، وەک سەگی بەڕەڵا هەر جێگایەکی پێت خۆش بێ دەڕۆی، مرۆڤێکی بەختەوەری. گوێ ڕاگرە کێڵگە سەرسەوزەکان خوا خوڵقاندوویەتی؟

– باشە بۆچی؟

– بۆ ئەوە خەڵک بتوانن لەوێ سەیران بکەن و خۆش ڕابوێرن.»

کوڕەکە بزەیەکی هاتێ و هەناسەیەکی هەڵکێشا: «کێڵگە سەرسەوزەکان! پێشانگاکەم دەبردە ئەوێ و هەموویانم ئازاد دەکرد، تا بە کەیفی خۆیان بەولا ئەولادا برۆن. گوێ بگرە! خوا لە کوێ دروست دەبێ؟ دایکی زیرەکی کرد و لە پێکەنینا وەخت بوو دڵی لەخۆ بێتەوە، لەسەر جێگایەکەی ڕاکشابوو و لە حاڵێکدا لاقەکانی بەرز کردبووە و لێکی دەدان گوتی: «خوایە! چ..... منداڵێکی نازدار! بنیادەم لە پێکەنینا دڵی لەخۆ دەبێتەوە، ئیدی ژیانی لەگەڵ ناکرێ!» لنکا بەو پێکەنینەوە رامابوو بە هێندێک وشەی ڕەق، کە ئاوازی خۆشەویستی پێوە دیاربوو جنێوی پێ دا.

– وەک منداڵان وایە، هەر پێم خۆش نییە پێبکەنێ! دیسان هەر هەمان قسە ناشیرینەکانی دووپات کردەوە.

گوتم: «لێی گەڕێ با پێبکەنێ. بیری لێ مەکەوە.

لنکا ڕازی بوو: «نا بیری لێ ناکەمەوە، تەنیا کاتێک پەنجەرەکان خاوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناکاتەوە، تووڕە دەبم. هەر من دەپارێمەوە پەنجەرەکان بشۆ. ناتوانم نووری خوا ببینم، بەڵام هەموو کات لە یادی دەچێ.

ژنەکە لە حاڵێکدا جار جار پێدەکەنی، ئیستکانەکانی شوشت و بە چاوە شینە درەوشاوەکانی چاوێکی لە من ترووکاند و گوتی:

– «کوڕێکی جوانم هەیە؟»

لنکا لە ناکاو لە منی پرسی: «ئەتۆ بێ عەقڵی؟»

– نازانم. بۆچی؟

– دایکم دەڵێ ئەتۆ بێ عەقڵی.

ژنەکە بە ترسەوە هاواری کرد و گوتی: «بۆ ئەم قسەیە دەکەم؟ ئەو ژنێکی مەستی لەسەر جادە هەڵگرتۆتەوە و هێناویەتەوە ماڵێ و جلوبەرگی گۆڕیوە و نواندوویەتی و دوایی بۆ خۆی ڕۆیشتووە.»

– بۆ خۆت وات گوت.

– من مەبەستێکی خراپم نەبوو. ئەتۆ بۆ شەیتانی لە من دەکەی. وای! زۆر بێ شەرمە!

ژنەکەش وەک منداڵێک قسەی دەکرد. ئاوازی دەنگی کچانە بوو، چاوەکانی خۆشەویستییەکی کچانەی تێدا بوو، هەرچەند ڕوخساری بەو لووتە پانە و لێوە هەڵگەڕاوەکانی و ددانە ئاشکراکانی ناشیرینتر خۆی دەردەخست، بەڵام بزەیەکی هەمیشەیی لەسەر ڕوخساری نەخشی بەستبوو.

لەسەرخۆ و هێدی گوتی: «چایەکەمان نەخۆینەوە.»

سەماوەر لەسەر سندووقێک لە قەراغ لنکا دانرابوو، هەڵمەتووکی ئاوی کوڵاو کە لە ژێر سەرپۆشی سەماوەرە شکاوەکە دەهاتە دەرێ و بە تەنیشت شانەکانی ئەودا تێ هەڵدەبوو. دەستە بچووکوکانی لە بەرامبەر ئەودا ڕاگرت و دوای ئەوە بەری دەستی تەڕ دەبوو، بە مووی سەری وشکی دەکردەوە. خەواڵوو چاوەکانی لەسەر یەک دانا.

دوای ماوەیەک گوتی: «کاتێک گەورە بووم، دایکم داشقە و بارگینێکم بۆ دەکڕێ، ئەو کات بە نێو شەقامەکاندا دەگەڕێم و سواڵ دەکەم. ئەو کات کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارە و پوولێکی چاکم گیر کەوت، دەچم بۆ کێڵگە سەرسەوزەکان.»
دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەر لەو کاتەشدا پێکەنی. بەستەزمانە! کێڵگەیەکی بۆ بەهەشتە. بنیادەم لەوێ دەتوانێ چ بدۆزێتەوە؟ تەنیا چەند ئۆردووگا، سەربازی وەحشی و دێهاتی مەست....
لنکا نێوچاوانی تێک نابوو، هاتە نێو قسەکانی و گوتی: «درۆ دەکەی. لە ئەو بپرسە کوێستان چۆنە. ئەو کوێستانی دیوە.....»

– «یانی من ئێستا نەمدیوە؟»

– بۆچی ئەو کات کە مەست بووی.

وەک دوو منداڵ پێکەوە شەڕە قسەیان بوو. لەو ماوەیەدا هاڵاوی گەرمی دەمەو ئێواران بۆ حەوشەکە هێرشی هێنابوو. هەورێکی ڕەشی چڵکن ئاسمانی داگرتبوو، وردەوردە خۆر پەنای دەگرت و هەوا تاریک و تاریکتر دەبوو.

ئێستا کوڕەکە چایەکەی خواردەوە و وردە وردە ئارەقەی دەرکرد. چاوێکی لە من و دایکی کرد و گوتی:

– هەموو شتێکم خواردوە، ئیدی ئێستا خەوم دێ.

ژنەکە گوتی: «بخەوە.»

– بەڵام ئەو دەیهەوێ بڕوات، دەتهەوێ بڕۆی؟

ژنەکە لە حاڵێکدا بە ئەژنۆ لە منی دەکوتا گوتی: «غەم مەخۆ ناهێڵم بڕوات.»

لنکا پاڕاوە کە: «نەڕۆم» چاوەکانی لەسەر یەک دانا، باوێشکی هاتێ و خۆی خزاندە ناو سندوقەکە، لەپڕدا سەری هەڵێنا و بە ئارامی بە دایکی گوت: «بۆچی مێردی پێ ناکەی؟» ئەتۆش وەک ئەو ژنانەی دیکە زەماوەندێک وەڕێ بخە. بەو جۆرە کە ئەتۆ لەگەڵ هەموو پیاوێک ڕادەبوێری... ئەوان هەر لە تۆ دەدەن..... بەڵام ئەوە مرۆڤێکی باشە.

ژنەکە سەری بە سەر ئیستکانە چایەکەیدا شۆڕ کردەوە و گوتی: «بێدەنگ بە، بخەوە.»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەو پووڵدارە.

ماوەیـــەک ژنەکە بێدەنگ بوو، چایەکەی خۆی خواردەوە و لە دواییدا وەک ئاشنایەکی کۆن، ڕووی لە من کرد و گوتی: «ئەوەش ژیانی من، بێ چرپە و هەڵا، تەنیا من و ئەو و هیچ کەسی دیکە، لەو حەوشەیەدا لۆمەم دەکەن، کە من قاحبەم. ئەگەر واش بێ من شەرم لە کەس ناکەم. ئێستا دەبینی چ دیارییەکم، هەموو چاوم لێ دەکەن بۆ چ کارێک دەبم. بەســـتەزمانە خەوی لێ کەوت. منداڵێکی باشم هەیە، وا نییە؟

- وایە زۆر باشە.
- ناتوانم پڕ بەدڵ چاوی لێ بکەم، چ گلەییەکی هەیە!
- بەڵێ، منداڵێکی بەهۆشە.
- وایە بابیشـــی پیـــرە پیاوێکی نەجیب بـــوو،.... چی پێ دەڵێن؟ دەفتەرداران خوایا! ناتوانم وەبیرم نایەتەوە.... ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ سەنەدە....
- مەبەستت سەردەفتەرداری ئەسنادی ڕەسمییە؟
- وایە، پیرە پیاوێکی بە حورمەت بوو، زۆر لەسەر دڵان بوو، ئاشقی من بوو، خزمەتکاری ماڵیان بووم.

لاقە رووتەکانی کوڕەکەی بە پەڕۆ و پاڵی داپۆشی، سەرینە چڵکنەکەی بن سەری ڕێکوپێک کرد و درێژەی بە قسەکانی دا:

- لەپڕدا مرد، شـــەو بوو، تازە لە لای هاتبوومەوە، کە کەوتە سەر عەرزی ژوورەکە و تەواوبوو.

کواس دەفرۆشی؟

- بەڵێ.
- کار بۆ خۆت دەکەی؟
- نا بۆ یەکی دیکە.

کەمێک نزیکتر دانیشـــت و گوتی: «خۆت زۆر ســـەنگین و ماقووڵ مەکە. ئیدی دەســـتت پێ ناگا. لە هەر کەس پێت خۆشە بپرسە، هەموو ئەوانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانن.»

– خۆم ماقووڵ و سەنگین نەکردووە. دوای ئەوە دەستە بچووکەکانی کە پێستەکەی پیرلۆک ببوو و نینۆکەکانی شکابوون، لەسەر رانم دانا، زۆر بە خۆشەویســتیەوە درێژەی دا: «لە بابەتی لنکا زۆرت ســوپاس دەکەم، ئەورۆکە زۆر خۆشی لێ گوزەرا، ئەویش لە سایەی لوتفی تۆ بوو.»

گوتم: دەبێ برۆم.

– بە سەرسوڕمانەوە پرسی: «بۆ کوێ؟»

– لە شوێنێک بەڵێنم داوە.

– بمێنەوە.

– ناتوانم.

چاوێکی لە کوڕەکەی و پەنجەرە و ئاسمان کرد و بە ئارامی گوتی: «بمێنەوە بە پارچەیەک دەم و چاوم دەبەستم... لەبەر کوڕەکەم ئەو کارە دەکەم. بێ ئەندازە دۆســتانە و ئینســانی و گەرم و گوڕ قسەی دەکرد. چاوەکانی وەک چاوی منداڵێک دەچوون و لە روخساری ناشیرینیدا بزەیەک داگیرسا. نە بزەی لێ قەوماوێک، بەڵکو بزەی دەوڵەمەندێک کە دەیتوانی شوکرانەی خۆی زۆر بە چاکی بە جێ بگەیەنێ. کوڕەکە گەڵێک جار دەجوڵاوە و خۆی کۆدەکردەوە و هاواری دەکرد:

«دایە دەیانهەوێ راکەن، دایە وەرە!»

ژنەکە خۆی بەسەردا شۆڕ کردەوە و بە منی گوت: «خەون دەبینێ»

لە جێی خۆم هەســتام و چوومە حەوشــەکە، لەوێ راوەســتام و نوقمی خەیاڵاتی خۆم بووم. دەنگی ئاوازەیەک کە کەسێک لەبەر خۆیەوە وڕێنەی دەکــرد، بەر گوێم کەوت، لە پەنجــەرەی ژێرخانەکەوە کە دەهاتمە دەرێ، دایک لای لاییەکی ســەیری بۆ کوڕەکەی دەگوت. وشەکانی ئەو بە تەواوی دەبیستران:

«چارە رەشیەکان لەگەڵ خۆیان دێنن

ئەو کوێرەوەریانەی کە هۆش لە مرۆڤ دەفرێنن و

دڵەکان لەت لەت دەکەن.

وای لەو کوێرەوەریانە، لەو کۆستانە، لەو دەردانە!

لە کوێ خۆ حەشار بدەم، وای! لە کوێ؟!»

منیش لە حاڵێکدا ددانەکانم لێــک قفڵ ببوون، هەتا لە داخی کوێرەوەری هاوارێک لە دەروونم هەڵنەستێ، بە پەلە حەوشەکەم بەجێهێشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دایک و کوڕ*

«ماکسیم گورکی»

سەبارەت بە دایکان تا دنیا دنیایە دەتوانین چیرۆکی بێ بڕانەوە بگێڕینەوە. چەند هەفتە بوو، کە دوژمنان تەنگاوتەنگ و بە شێوەی بازنەیی، شاریان گەمارۆ دابوو، ئەوان نوقمی ئاسن و پۆڵا بوون، شەوانە ئاورەکانیان وەک تەپۆڵکەیەک دەکردەوە، بە چاوی سووری بێ ئەژمار، لە شەوەزەنگ دا، چاویان لە دیوارەکانی شـــار دەکرد و لە چاوە ســـوورەکانیان ترووسکەی شادی دەباری و گڕی سەرکەوتنی لێ بەرز دەبووە و ئەو هەستە هەڕەشە خولقێنە لە شـــاری گەمـــارۆ دراودا، خولقێنەری گەلـــێ بۆچوونی ڕەش بوو. لەســـەر دیوارەکانی شـــاردا دەیان دی، کە گەمـــارۆی دوژمن بێ پســـانەوە تەنگ و تەنگتر دەبێتەوە، لە قەراغی ئاورەکان سێبەری ئەوان بە جوانی دەبینرا، حیلەی ئەسپەکانیان کە قەڵەو و تێر بوون دەبیسترا. زرینگە زرینگی چەکەکان و قاقای پێکەنینی ئەوان، بە گوێی خەڵکی شار دەگەیشـــت، دەنگی گۆرانی سەرکەوتوانەی کەسانێک کە لە سەرکەوتنی خۆیـــان دڵنیا بوون، بە گوێ دەگەیشـــت. تۆ بڵێی لە گوێی مرۆڤدا هیچ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێک لە دەنگی گۆرانی و پێکەنینی دوژمن ناخۆشتر و دزێوتر هەبێ! دوژمنەکان هەموو ئەو جۆگانەی کە ئاویان دەگەیاندە شار، بە کەلاک پڕ کردبوو، ڕەزەکانی دەورووبەری دیوار و سەنگەرەکانی شاریان سووتاندبوو، کێڵگەکانیــان گێرە کردبوون، داری باخەکانیان لە ڕەگەوە دەرهێنابوون، شار لە هەموو لایەکەوە ئاواڵا و بێ پەسێو بوو، هەموو کاتەکانی ڕۆژ تۆپە ئاورهاوێژەکانی دوژمن ڕێژنەی ئاور و ئاسنیان بەسەردا دەباراندن.

دەستەکانی سەربازانی نیوە برسی، کە لە شەڕ ماندوو بوون، بە رووگرژی لە نێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شــاردا دەگەڕان. لە پەنجەرەکانەوە دەنگی ناڵەی بریندارەکان، هاواری قسەپڕاندن و تووک و دوعا و لە خۆدانی ژنان و گریان و شــیوەنی منداڵان دەبیســترا. هەموو لەسەرەخۆ و بە هێوری قســەیان دەکرد. تۆ بڵێی دوژمن هێرشی دەست پێ کردبێت! بە تایبەتی ناخۆشترین کاتەکانی ژیان لە سەرەتای شەو دەستی پێ کرد، لەبەر ئەوە کاتێک ســێبەری ڕەش و تاریک لە نێوەڕاســتی دۆڵی شاخەکان دەهاتە دەرێ، باڵی بەســەر ئۆردووگای دوژمن رادەکێشــا. ئەو سێبەرە بۆ لای دیوارە داڕووخاوەکانی شــار دەهات، مانگ وەک مەتاڵێک خۆی دەنواند، کە لە مەیدانی شــەڕدا لە ژێر زەبری شمشێردا لەت و پەت بووە، لەسەر بەرزایــی کێوەکانــەوە وەدیار دەکەوت، لە بێدەنگــی و تاریکیدا، ناڵە و شیوەن چاکتر و باشــتر دەبیسترا. خەڵکێک، کە لە ڕەنج و کوێرەوەری و برســیەتیدا بڕســتیان لێ بڕابوو و چاوەڕوانی یارمەتیدەرێک نەبوون، ڕۆژبە ڕۆژ هیوا بڕاوتر دەبوون. خەڵک بە ترسەوە دەیان ڕوانییە مانگ و ددانی تیژی کێوەکان و زاری کراوە و ڕەشی دۆڵەکان و ئۆردووگای پڕ لە هەرا و هەنگامەی دوژمن. تەواوی ئەوانە هەڕەشەی مەرگیان دەکرد، هیچ ئەستێرەیەکی هیوا بۆ دڵدانەوەی ئەوان نەدەدرەوشایەوە.

لە ترسانا نەیاندەوێرا لە ماڵەکانیان چرا و ئاور داگیرسێنن، تەواو تاریکی بەســەر کۆڵانەکاندا زاڵ بوو، لەو تاریکییەدا، ژنێکی بێدەنگ کە سەراپای خــۆی لە باڵا پۆشــێکی ڕەش پێچابوو، بێدەنگ وەک ماســییەک کە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قووڵایــی رووبــاردا مەلە بکات، بە کۆڵانەکاندا تێپــەڕ دەبوو، خەڵک کە ئەویان دەدیت، لە یەکتریان دەپرسی: هەوە؟ هەوە! ئەو کات کە بە پەلە لــە نێو تاق نمای دالانەکاندا ون دەبوو، بەلارە ملێ و بێدەنگ و بە پەلە لە تەنیشتی رادەبوون، فەرماندەی دەستەکانی کێشکچی و پاسەوانەکان بە تووڕەییەوە پێیان دەگوت:

– بانو ماریاننا، ئێوە دیســان لە نــاو کۆڵاندا دەخولێنەوە؟ وریابە رەنگە تۆ بکوژن، کەس نییە کە وەدوای بکوژانی تۆ بکەوێ....

ژنەکە باڵای راســت دەکردەوە، هێدی و ئارام رادەوەســتا، بەڵام تاقمەی کێشکچی بە لایدا تێدەپەڕین و نەیان دەوێرا یان بێزیان نەدەهات دەستی لێ بوەشێنن. پیاوە چەکدارەکان بە چەشنێک خۆیان لێ دوور دەکردەوە و لــە نزیکبوونــەوە لە ئەو خۆیان دەپاراســت، کە هــەروا بزانە تەرمی مردوویەکە. ئەویش لە تاریکیدا دەمایەوە و دیســان ئارام و تەنیا بەرەو لایەک دەرۆیشــت، لاڵ و رەش و هەروەک کانگەی بە بەختی شــارە لە کۆڵانێک بۆ کۆڵانێکی دیکە، دەورووبەری ئەو ســنوور و ناڵە و شیوەن و گریان و دەمەتەقەی ســەربازە نێوچاوان تاڵەکان، کە بە تەواوی بێئومێد ببوون دەبیســترا، وەدوای ئــەو دەکەوتن و لە هەموو جێگەیەک بەدوایدا دەخۆشین و جەرگیان زامار دەکرد.

ئەو ژنەش دایک بوو، یەکێک لە مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە بەڵا لێدراوە بوو. لە بیری نیشــتمان و کوڕەکەیدا بوو. کوڕەکەی گەڵێک جوان و بەزەوق بوو، بەڵام بێبەزەییانە فەرماندەری تاقمێکی دەکرد، کە شاریان وێران دەکرد، تا ماوەیەک لەمەوبەر دایک بە تاســەوە دەیڕوانییە کوڕەکەی، ئەوی وەک دیارییەکی بە نرخ بۆ وڵاتەکەی دەزانی و بە یارمەتیدەرێکی باشی دەزانی، بۆ شارەکەی کە هێناویەتە دنیاوە.

ئەو شارە هێلانەیەک بوو، کە بۆ خۆی و کوڕەکەی لەوێدا پێ گەشتبوون. ســەدان ریشــۆڵی نەدیتراو دڵــی دایکیان بەو بــەردە کۆنانە کە باب و باپیرانی خانوویان پێ دروست کردبوون و دامەزراوەکانی شاریان پێ ساز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبوون و بەزەییەکی کە ئێســـکی کەی و کار و هاورەگەزی ئەو لەگەڵ چیرۆک و شـــیعر و هیواکان لەوەدا نووســـتون، پێکەوە گرێ دەدا لە لای ئەو خۆشەویست کردبوون و خۆی پێوە گرتبوو.

ئێستە ئەو دڵە، نزیکترین و خۆشەویستترین کەسی لە دەست داوە، دەگریا ئەو دڵە وەک تەرازوویەک بوو، کاتێک کە خۆشەویستی ئەو بە منداڵەکەی و شـــاری جێگەی لە دایکبوونی لە تای تەرازوو دەنا، نەیدەتوانی ســـاخ وەبێ داخوا کام لای تەرازوو قورستر و کام لای سووکترە.

بەو جۆرە شەوانە بە کۆڵانەکاندا دەڕۆیشت و زۆر کەس ئەویان نەدەناسیەوە، ترس هەڵی دەگرتن و باڵای رەشی ئەویان بە کانگای مردنێک دەزانی، کە لە هەمووان نیزیک بۆتەوە، هەر کەس ئەویان دەناسیەوە بە بێدەنگییەک لێی دوور دەکەوتنەوە.

بەڵام شەوێ: لە ســـووچێکی دوور و تاریک لە نزیک شورەی شار، دایک تووشـــی ژنێکی دیکە بوو، ئەو ژنە جووڵـــەی نەدەکرد، وەک پارچەیەک لە زەوی، لە بەرامبەر تەرمێکدا ئەژنۆی دادابوو، ســـەری پڕ لە کەسەری بەرەو رووی ئەستێرەکان راگرتبوو، دووعای دەکرد. لەسەر سەری ئەویش کێشکچییەکان بە سرتە قسەیان دەکرد. دایکی خائین لەو ژنەی پرسی:

مێردەکەتە؟

– نە

براتە؟

– نەخێـــر منداڵەکەمە، مێردەکەم ســـێزدە رۆژ لەمەوپێش کوژرا، ئەویـــش ئەمڕۆ کـــوژرا. دوای دەربڕینی ئەم رســـتەیە دایکی کوڕ کوژراو هەستا و بە نیشانەی رازیبوون گوتی: دەبووری ئەی خوداوەند، کە هەموو شتێک دەبینێت و دەزانێ من سوپاس گوزاری تۆم!

دایک پرسی:

– بۆچی؟

ژنە کوڕ کوژراوەکە وەڵامی دایەوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– ئێستە کە کوڕەکەم لە شەڕدا بۆ پارێزگاری لە نیشتمان سەربەرزانە کوژراوە، دەتوانم بە ئاسوودەییەوە بڵێم کە ترسی لە دڵی مندا دروست کردبوو، زۆر هۆگری ژیانی ئاسوودە و خۆش بوو، دەترسام وەک کوڕی ماریاننا بە شارەکەی خەیانەت بکا و بێتە دوژمنی خوا و ڕێبەری دوژمنانی ئێمە وەئەستۆ بگرێ. نەفرین لە ئەو دایکە کە هێناویەتە سەر زەوی و پێی گەیاندووە.

ماریاننا ڕووی خۆی داپۆشی و دوورکەوتەوە، بەڵام بەیانی زوو چووە لای پارێزەرانی شار و گوتی:

– یا من بکوژن یا دەروازەی شار بکەنەوە، تا منیش بچمە لای کوڕەکەم، کە بۆتە دوژمنی ئێوە و وڵاتەکەی خۆی.

ئەوان وەڵامیان دایەوە:

تۆ ئێستە کە دەبێ بە چاوی ڕێزەوە سەیری وڵاتەکەت بکەی، کوڕی تۆ هەر بەو جۆرە کە دوژمنی هەر کام لە ئێمەیە دوژمنی تۆشە.

– من دایکم، ئەوم خۆش دەوێ و خۆم بە تاوانبار دەزانم، کە ئەو ئاوای بەسەر هاتووە.

ئەو کات ئەوان کەوتنە راوێژ کە چی لێبکەن؟ دوای راوێژ گوتیان:

ویژدان ڕێمان پێ نادا، کە لەبەر تاوانی کوڕەکەت بتکوژین، ئێمە دەزانین کە تۆ لەو پێوەنییەدا چەندە ئازار دەچێژی، کەوابوو چۆن باوەڕ بەوە دەکرێ، کە تۆ ڕێگەی ئەو تاوانە گەورەت نیشان دابێ! لە لایەکی دیکەشەوە تۆ وەک بارمتەش بۆ شار پێویست نی، کوڕی تۆ قەت غەم لە تۆ ناخوا، ئێمە وا بیر دەکەینەوە، کە ئەو نارەسەنە بە یەکجاری تۆی لەبیر بردۆتەوە و ئەگەر تۆ وا بیر دەکەیەوە، کە دەبێ سزا بدرێ، هەر ئەو سزایە بۆ تۆ بەسە!

بەڕای ئێمە ئەو سزایە لە مردنیش ترسێنەرترە!

– بەڵێ! ئەو سزایە زراو تۆقێنە!

ئەوان دەروازەی شاریان کردەوە، دایکەیان ئازاد کرد، لەسەر شوورەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شار را بۆ ماوەیەکی زۆر خستیانە ژێر چاودێری، داخوا چۆن لەسەر ئەو زەوییـــە کـــە ژینگە و زێدی خۆیەتی و بەو هەمـــوو خوێنە کە کوڕەکەی رشتوویەتی و زەوی پێ پاراو کردووە، ڕێ دەپێوێ!

ئەو بە لەســـەرەخۆیی هەنگاوی هەڵدێناوە، ســـەری کڕنۆشی بۆ تەرمی شەهیدەکانی پارێزەرانی شار دادەنەواند.

بە بێزراوی چەکە شـــکاوەکانی دوور هەڵدەداشـــت. ئاخر دایک لە چەکی هێرش بێزارن و بێزیان لێی دەبێتەوە و تەنیا ئەو چەکەیان خۆش دەوێ، کە بۆ پارێزگاری لە ژیان پێویستە!

دەتگـــوت لە ژێر باڵاپۆشـــەکەیدا جامە ئاوێکی پێیە، دەترســـا بیرێژێ، هەر ئەندازە دوورتر دەبووە بچووکتر دەنواند، ئەوانەی لەســـەر شـــوورە خستبوویانە ژێر چاودێری، وایان بە بیر دەهات لەگەڵ لەشی ئەو ناخۆشی و غەم و دەرد و نائومێدی شاریان جێهێشتووە.

دیتیان کە لە نیوەی ڕێگاکەدا وەستا، کڵاوی باڵاپۆشەکەی لەسەر سەری لاداو ماوەیەکی زۆر لە شار راما، بەڵام ئەوانەی لە نێو ئۆردووگای دوژمن ئەویان دیتبوو، کە بە تاقی تەنیا لە نێوەڕاســـتی دەشـــتێ راوەســـتاوە، چەندتارمایـــی رەش وەک خـــۆی بێ پەلەکردن بە پارێـــزەوە لێی نزیک دەبوونەوە.

پێی گەیشتن، پرسیاریان لێ کرد، چ کەسی و بۆ کوێ دەچی؟

ژنە گوتی:

–ســـەرداری ئێوە–کوڕی منە– هیچ کام لە سەربازەکان گومانیان لە راستی قســـەی ئەو ژنە نەبوو. راست و چەپیان لێ گرت و لەگەڵی وەڕێ کەوتن و دەســـتیان کرد بە تاریف و پێ هەڵاگوتنی کوڕەکەی، کە کوڕی تۆ زۆر ئاقڵ و ئازایە، دایک بە فیزەوە ســـەری هەڵێناوە، گوێی لە قســـەکانیان دەگرت و هیچ پێی سەیر نەبوو، کوڕی ئەو دەبوو ئاوابێ؟!

سەرەنجام خۆی لەبەرامبەر کەسێکدا بینی، کە نۆ مانگ پێش لە دایکبوونی دەیناســـی، بەرەو رووی کەســـێ بوو، کە قەت خۆشەویســـتی ئەوی بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ســـاتێک لە دڵی خۆی دەرنەهاویشتبوو. کوڕەکەی لە بەرامبەریدا نوقمی جلوبەرگی مەخمەر و ئاوریشم بوو و چەکەکەشی نوقمی جەواهێرات بوو. هەموو شـــتێک ئەو جۆرە کە دەبوو وابێ. زۆر جاران دایک بە تایبەتی لە خەودا ئەوی (کوڕەکەی) بەناوبانگ و دەوڵەمەندی شیاوی پێدا هەڵگوتن دیتبوو. کوڕە دەستی دایکی ماچ کرد و گوتی:

- دایە! تۆ هاتی بۆ لای من، لە نیاز و مەبەســـتی من تێگەیشتی، هەر سبەی ئەو شارە دوعا لێکراوە داگیر دەکەم!

دایک وەبیری هێنایەوە:

- شارێک کە تۆ لێی لە دایک بووی؟!

لاو، کە لە ئازایەتیەکانی خۆی سەرمەســـت بوو و خولیای وەدەستهێنانی ناوبانگی زیاتری دەکرد، بە هەســـتێکی سەرکێشـــی لاوی و ئازایەتیەوە گوتی:

- من بۆیە لـــە دایک بووم، تا ئەو دنیایە مات و حەیران کەم! من لەبەر خاتری تۆ رەحمم بەو شـــارە کردووە. ئەو شارە وەک درووییەک لە لاقی من هەڵچەقیوە و بەرهەڵەســـتی نـــاو و ناوبانگی خێرای منە، بەڵام ئێستە»سبەی» ئەو هێلانە سەربزێوە وێران دەکەم!

دایک گوتی:

- هێلانەیەک، وێـــران دەکەی کە هەر بەردێکی ئەوێ لە منداڵیەوە تۆ دەناسێ وەبیرت دێ!

- بەردەکان! مادام کە مرۆڤەکان ناچارن بە قسەکردن نەکەن لاڵن، بهێڵـــە ســـەبارەت بە من کێـــوەکان زاریان بکەنەوە و قســـە بکەن، من ویستاری ئەوەم!

دایکی پرسی:

- ئەدی بە خەڵک دەڵێی چی؟

- ئاخ! وایە، من ئەوانم لە بیرە، دایە! ئەوانیش بۆ من پێویســـتن، لەبـــەر ئەوە ئازایان و قارەمانان تەنیا لە بیرەوەری ئەواندا بۆ هەمیشـــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمێنێتەوە!

- قارەمان ئەو کەسەیە لە پاش مردن ژیان دروست دەکا، ئەو کەسەیە کە بەسەر مردندا زاڵ بێ.

کوڕ وەڵامی دایەوە:

نا! رووخێنەرانیش هەروەک دامەرزێنەرانی شارەکان ناو بەدەرەوە و سەر بڵندن. چاو لێ بکە شاری رۆم نازانین «رمولس» دروستی کردەوە، یان کەسێکی دیکە، بەڵام ناوی «لاریخ» هەموو ئازایانی کە ئەو شارەیان وێران کرد، ڕوون و ئاشکرایە.

دیسان دایک وەبیری دێنێتەوە!

- ئەو شارە و ئەو ئازایانە جاویدانن، کە نیشانێکیان لێ نییە، هەر بەو جۆرە تا رۆژئاوا لەگەڵ دایکی قسەی کرد. ئیدی دایک بە دەگمەن قسەی شێتانەی کوڕەکەی دەبڕی. سەری بە عیزەت و کەرامەتی لەبەر خۆ نابوو و جار لەگەڵ جار زیاتر بە سەر سینگیدا شۆڕ دەبووە.

دایک، دروست دەکات و گیان دەبەخشێ، پارێزگاری دەکات. قسە و باسی، وێرانی و رووخاندن لە بەرامبەر دایکدا بە نیشانەی دوژمنی و ناڕەزایەتی لەگەڵ ئەوە. لاو ئەوە نازانێ و هەستی پێ نەکردووە و لەگەڵ ئەو شتە کە مانا و چەمکی ژیانی دایکە بەربەرەکانێ دەکات.

دایک هەموو کاتێک دوژمنی مردنە، دایک هەموو کاتێک رقی لەو دەستە دەبێتەوە، کە مردن بۆ ماڵەکان رێنوێنی دەکا و لەگەڵ ئەو دەستە دوژمنایەتی هەیە. کوڕی ئەو، ئەوانەی نەدەدی، دەرکردنی ناو و ناوبانگ ئەوی کوێر کردبوو. هەروەها نەیدەزانی کە دایک- کاتێک ژیانێک بە ناوی دایک پێک دێنی و پارێزگاری لێ دەکات، ئەگەر بدرێتە بەر هێرش- دڕندەیەکی زۆر عاقڵ، بەڵام بێ بەزەیی و بێ ترسە.

دایک چەماوە دانیشتبوو لە پەردەی لادراوەی چادری فرماندەری را شارێکی دەدیت، کە لەو شارەدا بۆ ئەوەڵین جار لەرزینی شیرین و بە تامی نوتفە و برووسکەکانی ژانهێنەری زانی. ئەو کوڕەی بە دنیا هێناوە، کە ئێستە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیازی وێرانی و لێک هەڵتەکانی ئەو شـــارەی هەیە. تروســـکەی سووری خوێناوی ڕۆژ لە بورج و شـــورەی شـــاری دابوو. شوشـــەی پەنجەرەکان دروشانەوەیەکی نامۆیان هەبوو، دەتگوت تەواوی شار بریندارە و شیرەی سووری ژیان لە سەدان برینی ئەودا دەتکێ.

کات دەڕۆیشـــت، وردەوردە شار ڕەش دەبوو، دەتگوت پاشماوەی لاشەی مردوویەکە. ئەستێرەکان لە ئاســـمانی شارەوە دەرکەوتن، وەک هەزاران مـــۆم دەچوون، کە لە دەوری جەنازەیەک هەڵ کرابن، تێڕوانینی دایک تا نێو ماڵە تاریکەکانیش بڕی دەکرد، کە خەڵکی شـــار لە ترسی کوڕەکەی ئەو نەیان دەوێرا چرا و ئاور لە ماڵەکانیان داگیرســـێنن، نەکا ســـەرنجی دوژمن ڕابکێشن، تێڕوانینی دایک لە تەواوی دالانەکانی شاردا بڕی دەکرد، کە بۆنی کەلاک هەوای ئەوێیان ژاراوی کردبوو، دەنگی ســـرتەی خەڵکێک کە چاوەڕوانی مردن بوون دەبیسترا. دایک هەموو کەس و هەموو شتێکی دەدی. تەواوی ئەو شـــتانەی بۆ دۆست و ئاشنایان بوون، ئەوەندە نزیک بوونەوە، دەتگوت لە بەرامبەری دانراون و بێدەنگ و ئیشـــک چاوەڕوانی بڕیاری ئەون. دایک وای هەســـت پێ کرد، کە دایکی تەواوی خەڵکی ئەو شارە بۆ خۆیەتی.

لـــە بەرزایی ڕەشـــی کێوەکان، هـــەورەکان وەک ئەســـپی باڵدار بۆ لای پێدەشـــتەکان دەهاتنـــە خوارێ و بۆ لای شـــاری مەحکـــووم بە وێرانی هەڵدەفڕین.

کوڕەکەی دەیگوت:

– ئەگەر شـــەو بە ئەندازەی پێویست تاریک بێت، ڕەنگە هەر ئەو شەو هێرش بکەین! کاتێک ڕۆژ لە چاوی مرۆڤ دەدا و بریقەی چەک ئازار دەدا، ناتوانێ چاک شمشـــێر بوەشـــێنێ، لە کاتی ئاوادا دەست بە هەڵە زەبر دەوەشێنێ.

کوڕە ئاوای دەگوت و بە سەرنجی تەواو، چاوی لە شمشێرەکەی دەکرد.

دایک بە کوڕەکەی گوت:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– وەرە ئێرە، سەرت لە سەر سینگم دابنێ، تاوێک بحەسێوە و کاتەکانی منداڵی وەبیر خۆت بێنەوە، کە تۆ چەندە خاوەن بەزەیی و بەزەوق و شۆق بووی و چەندە هەموو لایەک تۆیان خۆش دەویست.

کوڕە بە قسەی دایکی کرد و سەری لەسەر رانی دانا، چاوی لێک ناو گوتی:

– من تەنیا دوو شتم خۆش دەوێ، ناو بەدەرەوەیی و دایکم. دایە تۆم بۆیە خۆش دەوێ، ئەو جۆرە کە دەبوایە ببم ئاواشت هێناومە سەر زەوی.

دایک بە سەر ئەودا شۆڕ بووە پرسی:

– لەگەڵ ژنان چۆنی؟

– ژنان زۆر زۆرن. وەک هەموو شتێک بە زوویی پیاو لێیان تێر و بێزار دەبێت.

– دایک بۆ ئاخرین جار لێی پرسی:

– تۆ ئارەزوو ناکەی، منداڵت هەبێ؟

– منداڵ بۆچی؟ بۆ ئەوە کە بیانکوژن؟ کەسێکی وەک من پەیدا دەبێت ئەوان دەکوژێ و من تووشی ئێش و ئازار دەبم و لەو کاتەدا پیرو پەک کەوتەم و ناتوانم تۆڵەیان بکەمەوە.

دایک هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– تۆ وەک برووسکەی سووتێنەر جوانی، بەڵام بێ بەهرەی.

کوڕە بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– وایە، وەک برووسکەی سووتێنەر...

سەرەنجام وەک منداڵێک لەسەر سینگی دایکی خەوی لێ کەوت.

ئەو کات، دایک باڵاپۆشێکی رەشی بەسەر کوڕەکەی هەڵکێشا و ئەوی لەبندا شاردەوە، خەنجەرە تیژەکەی لەسەر دڵی کوڕەکەی دا و ئەویش تەکانێکی خوارد و دەستبەجێ گیانی دەرچوو- ئاخر دایک چاک دەزانێ دڵی منداڵەکەی لە کوێ لێ دەدا. وای ئەوە، لاشەی بێ گیانی ئەوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەســـەر رانی را لە پێش پاسەوانی حەپەســـاو دانا، رووی لە شار کرد و گوتی:

– مـــن وەک مرۆڤێـــک ئەوەندەم لە توانادا بـــوو و ئەرکی خۆم بۆ وڵاتەکـــەم بەجێهێنا، بەڵام وەک دایک لەگەڵ کوڕەکەم دەمێنمەوە! ئیدی درەنـــگ بووە کە من منداڵی دیکەم بێ، زیندوو مانەوەی منیش بۆ کەس پێویســـت نییە. ئەو کات بە دەســـتی بەتوانا و نەترســـی، هەر بە ئەو خەنجـــەرە کە هێشـــتا بە خوێنی کوڕەکەی یا خوێنـــی خۆی گەرم بوو، لەسەر دڵی خۆی دا، کاتێک دڵ زامارە، بە ئاسانی دەتواندرێ بیپێکێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نووسەر
# ئاڵا هەڵگری گەلە

«نیکاندرۆف»

شـــەوێک تا درەنگان لای گورکی بووم، کاتێک بەرەو ماڵ بوومەوە، ئەو تا بەردەرگای دەرێ بەڕێی کردم و گوتی:

- ڕاســـتی، بۆچی ئەتۆ هەر بە شـــەو ســـەردانی مـــن دەکەی؟ لە سیخوڕەکانی پۆلیس دەترسێی؟ پێم خۆشە بە ڕۆژ میوانم بی.

من لەگەڵ ئەوەدا کە پێم وابوو هێندێک جار خواردنی نانی نیوەڕۆ لە ماڵی گورکی یارمەتییەکی باشە بۆ ئەو داهاتە کەمەی من، بە ئەسپایی گوتم:

- بە ڕۆژ باش نییە.... کاتی ڕۆژ دەوروبەری تۆ بەردەوام کۆمەڵێکی لێیە.

- باشیەکەی لێرەدایە کە کۆمەڵێک هەن. هەم خەڵک ئەتۆ دەبینین و هەم ئەتۆش خۆت نیشـــان دەدەی. ســـبەی وەرە، نەهار دەخۆین و لە دواییدا دەچین بۆ ژووری کاری من و گوێ بگرە، کە چۆن نووسەرە تازەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێنوێنی دەکەم. ڕەنگە لە کاتێکیشـــدا ئەو ڕێنوێنییانەی من بەکاری تۆش بێن.
منیش سبەی ڕۆیشتم.
کاتێک چاوم بەو دەستە کاغەزانە کەوت، کە لەسەر مێزی نووسینی گورکی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دانرابوون، بە خۆم نەبوو، وەدەنگ هاتم!
– هەموو ئەوانە نووسینی کەسانی دیکەن؟!
ئەو دەســـتە کاغەزانەی کە لەبەر دەستی گورکیدا بوون، واوێ دەچوو کە دەیهەوێ لەگەڵ نووسەری ئەو بەرهەمانەدا ڕاوێژ و قسە بکا، بە غروورەوە لەپی دەستی بە سەردا هێنان و گوتی:
– ئەوانە کەمن، کانگای سەرەکی ئەوەتا لێرەیە.
ئەو کات نیشانەی بە تاقەیەکی ساکار کرد، کە لە تەختەی پان و لووس بە درێژایی تەواوی دیوار لە پشت مێزی نووسینی بە دیوارەوە داکوترابوو.
بە درێژایی تەختەکە، لە سەرانسەری دیوار، دەستەی ڕەنگاورەنگی کاغەزە نووســـراوە جیا جیاکان بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێک، وەک بەستە و کتێب و لوولە داندرابوون.
لـــەوێ کاغـــەز دیـــواری و تەنانـــەت کاغـــەزی ناســـکی ســـیگاریش دەبیندرا.........
لە ڕاستیدا، چونکە من لە پێشدا، سەبارەت بە زۆربەی نووسەرانی «نیژنی نووگورود» ڕەشـــبین بووم، هەر بۆیە ئەو کۆگا نووسراوە دەستنووسانەی خەڵکی دیکە دای هێزاندم و شوێنەواری خراپی لەسەر دانام.
من بە نارەحەتیەوە پرسیارم کرد:
– زۆر دەنووسن؟
گورکی بە کەیف خۆشیەوە لەسەر کورسیە ڕاحەتەکەی وەجووڵە کەوت، بە دەستە گەورەکانی لە نێو ئەو گەنجینە دەستنووسانەدا کەوتە گەڕان، هەتا ئەو شتەی پێویستیەتی بۆ کار ئامادەی بکا، لە حاڵێکدا وەک گوندییەکان وشەکانی دەردەبڕی گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– زۆر، زۆریش دەنووسن.
من کورسیەکەم لە نزیک کورسیەکەی ئەو دانا، تا ئەو بەشە لە دەستنووسەکان کە گورکی ژێریانی بە وردی خەت لێ دابوو بخوێنمەوە. ئەو کات بۆم دەرکەوت، کە لەسەر یەک زۆربەی دەستنووسەکان دەگەڕێنەوە بۆ شێوە بیر کردنەوەی ساکار خاوەن بەرهەمەکان و لەواندا لە گورکی پاڕانەتەوە، کە دەستنووسەکان تا کۆتایی بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە گرنگترین و جوانترین بەش لە کۆتاییدا دەست پێ دەکا.
لەگەڵ ئەوەدا هێشتا رەش بین بووم بەرامبەر بەو نووسەرانە و پرسیم:
– چ کەسانێک زیاتر دەنووسن، ژنان یا پیاوان؟
– هەم ژنان، هەم پیاوان، وەک یەک زۆر دەنووسن. رۆحی مرۆڤ بەو نووسینانە شاد دەبێ.
– لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو شێتییە زیاتر بەشی ئی وەک ئێمەیە، یانی لاوەکان؟
– نا، چاک بۆی نەچووی، پیرێژن و پیرەپیاوانیش دانامێنن، خۆ پیرەکانیش سەربردەیان هەیە، بەڵام ئێوەی لاو چیتان هەیە؟ هێشتا هیچ، تەنیا هەوڵ و تەقەلایەک دەکەن. پیاوێکی پیر، کە جارروبار دێتە ئێرە، لام وایە نەوەد ساڵی دەبێ، هەموو شتێک دەزانێ «دایرە المعارف»ێکی گەڕۆکە، بەڵام ناتوانێ بنووسێ، ئەگەر ئەوە بمرێ پیاو بە خەسارێکی گەورەی دەزانێ، لەگەڵ خۆیدا خەزێنەیەکی بەنرخ و گەورە دەباتە ژێر گڵ.
لەو کاتەدا نووسەرانی ئەو نووسراوانەی کە لەسەر مێزەکەی دانرابوون، بە ئەسپایی و یەک یەک دەهاتنە ژووری کاری گورکی و من بۆ ماوەیەک لە قسەکردن وەستام و تەنیا ئەوەندەم هەل بۆ ڕەخسا، کە بپرسم!
– ئێوە بەسەریەکەوە بە کۆمەڵ پێکەوە کار دەکەن؟
گورکی ئەو پرسیارەی پێ سەیر بوو و بە پەلە وەڵامی دایەوە:
– ئەو قسانە چییە! نا، گیانەکەم! تەنیا ئەمرۆ وای لێ هاتووە، کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە.
نووســـەران لەســـەرەخۆ و بە پارێزەوە بە درێژایـــی دیوارەکانی ژوورەکە دەجووڵان، دەترسان کە دەنگە دەنگ بکەن یا بکۆخن، هەر شتێ کە لەسەر رێـــگا بوایە زۆر بە پارێزەوە لێی تێپەڕ دەبوون و هەوڵیان دەدا، کە لاق یا دەستیان وەمێز یا کورسی ژوورەکە نەکەوێ، نەکا لەو شوێنە شتێک پیس و نارێـــک بکەن. رێز و حورمەتی بـــێ ریای ئەوان بە گورکی و ژوورەکەی، زۆر دڵگیر و شیرین بوو. من وام بیر دەکردەوە (کە دەبێ هەرواش بێ).
ئەو کات من دوورخراوەیەکی سیاسی بووم. زۆر بە ئاوات بووم، کە گورکی لە ئەدەبیاتی ئەوان بە توندی رەخنە بگرێ و قسەی ناشیرینیان پێ بڵێ.
دیســـان شێوەی بیرکردنەوەی من وابوو «بۆ خزمەت بە شۆڕش ناکەن و تێکەڵاو بە خەباتی سیاسی نابن؟ چونکە لە شۆڕشدا نە ناو وناوبانگ هەیە و نـــە پارە و پووڵێک. تەنیا زیندان و دوورخســـتنەوە هەیە. بەڵام بۆلای ئەدەبیات وەک شەپۆلی دەریا دەرژێن.»
گورکی کەوتە لێکۆڵینەوە و تۆێژینەوەی جیا جیای ئەوان. بێدەنگی تەواو، کە تایبەت بوو بە تالارەکانی دادگا، پێش راگەیاندنی حوکمی لە سێدارەدان، ژووری کاری گورکـــی داگرت. زۆر بە کەمی خشەخشـــی کورســـییەکان یا هەڵکێشـــانی هەناسەی ساردی نووسەرێک، کە باوەڕی بە خۆی نەبوو و لە نێو خۆیدا خۆی سەرکۆنە دەکرد، کە چۆن رێگەی بە خۆی و بەرهەمەکانی داوە، کە لە بەرامبەر گورکیدا ئامادە بێ.
- «ایوان موکاسێف» لێرەیە؟
- بەڵێ، لێرەم.
نووســـراوەی موکاسێف کەمێک زیاتر لە سێ لاپەڕەی بچووکی خەتی بوو، هەر بۆیە گورکی پێشـــنیاری بە نووســـەر کرد، کە بە دەنگی بەرز تەواوی بخوێنێتـــەوە. ئەو لاوە ســـاکارە، کە قژە زەردەکەی بە ئـــاو تەڕ و بەرەو دواوە شانەی کردبوو و روخساری پڕ بوو لە زیبکەی عەزەبی و بە چەشنی قوتابییەک، کە دەرسەکەی ئامادە نەکردبێ، تێک چوو و شێوا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– من ناتوانم بە دەنگی بەرز بیخوێنمەوە، لەبەرم گرانە.
گورکی بۆ دڵ دانەوەی گوتی:
– بەهەر شـــێوەیەک دەتوانی بیخوێنەوە، خۆ ناکرێ نووسراوەی تۆ بدەم بە کەســـێکی دیکە بیخوێنێتەوە. خەتی تـــۆ نارێکە و کاغەزەکەش حیسابی ڕۆیشـــتووە، تەواوی وشەکانی ســـەر کاغەزەکە بۆ ئەم لاو ئەولا هەڵاتوون......
هەرچەند بۆ موکاســـێف زۆر ســـەخت بوو، کە بۆ خـــۆی چیرۆکی خۆی بخوێنێتەوە و بە گوێی بیســـەرانی بگەیەنـــێ، هەر چۆنێک بوو بە ناچاری قبووڵـــی کـــرد. نەدەکـــرا جوابە جەنگی لەگـــەڵ گورکیدا بـــکا! لەوەش بگوزەرێین، کاتێک یەکەم هێرش و شـــەپۆلی ترس تێپەڕ بوو، نووسەر لە سنووری شێتبووندا بوو، تووشی بێقەیدی تەواو ببوو، هەرچی دەبێ با ببێ. ناونیشانی چیرۆکەکەی بە دەنگی بەرز خوێندەوە و دەنگی خۆی نەناسی. چیرۆکەکەی لە ژێر ناوی «پشـــکووتنی گوڵی یاس»دا بوو. واوێ دەچوو، کە بیســـەران ناونیشانی شـــاعیرانەی چیرۆکەکەیان پێ خۆش بووبێ. لە ڕوخساری زۆربەی ئەواندا بەزەیەک خۆی دەنواند. نەفەرێکیش بە نیشانەی دەستخۆشانە گوتی: «ئافەرین!»
موکاسێف بە دەنگێکی بەرز ئاوای خوێندەوە!
«کاتێک لە باخچەی پوشـــکین، یەکەم داری یاس گوڵی کرد، «وتلوگین» قوتابـــی پۆلی حەوتی قوتابخانەی ئەدەبی ســـاراتۆف، بە تەواوی هۆش و بیری خۆی لە دەستدا و نەیدەتوانی بۆ تاقیکاری ساڵانە ئامادە بێ، چونکە گیرۆدەی کیژۆڵەیەکی ناسک و نۆڵ بە نێوی «استرائوموا» قوتابی پۆلی حەوتی قوتابخانەی ئەدەبی ببوو.... لە درێژەی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا بیسەران تێگەیشتن ئەو کیژۆڵەیە «وتلوگین»ی سەرکۆنە کردووە و واوێ دەچێ بە ئاگاداری و بە قسەی دایک و بابی قسەی زۆر ناشیرین و نابەجێی پێی گوتبێ. بە ڕســـتەیەکی بێڕۆحی پێی گوتبوو وەک شتێکی لەو بابەتە کە «ئێســـتا زوویە و کات و تەمەنی خۆشەویستی نییە» ، «دەبێ دەرس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بخوێنیـــن» ، «دەبـــێ خوێندن تەواو بکــەی» ، «دەبێ کارت هەبێ» ، «دەبێ یارمەتی دایک و بابت بدەی».
«وتلوگین» دڵی شـــکا و ماوەیەکی زۆر ئارام و قەراری لە دەستدا. ئیدی ناوبـــراو لە بیری تاقیکاری قۆتابخانەدا نەبوو. نیگەران و سەرلێشـــێواو لە شەقامەکانی ساراتۆف و لێوارەکانی ولگادا دەخولایەوە. «بەڵام لە باخچەی پووشـــکیندا داری یاس وەک بەهار گوڵی دەرکـــردەوە و دەوروبەری خۆی عەتر پرژێن کردەوە.» ئەو کات دەتگوت کەسێک لە غەیبەوە «وتلوگین» هان دەدا، بۆ نووســـینی چیرۆکێک کاتێک ئەو چیرۆکە چاپ و بڵاوبێتەوە، خەڵکی ساراتۆف لە ناخی دڵەوە ئافەرین دەنێرن بۆ نووسەری ئەو چیرۆکە و شـــانازی پێوە دەکەن، کە نووســـەرێکی نوێ و بەتوانا لە شارەکەیاندا ســـەری هەڵداوە و ئەو کات کیژۆڵە «اســـترائومووا» پەژیوان دەبێتەوە، کە بۆچی وەڵامی هەســـت و خۆشەویستی پاکی ئەودەم نەداوەتەوە و پاڵم پێوە ناوە و لە خۆم دوور کردۆتەوە. چیرۆکەکە بە زەحمەتێکی زۆر تەواو ببـــوو، بە نەزەری «وتلوگین» بە ڕادەیەک ســـەرنجڕاکێش و بەتوانا بوو، کـــە قەرەی لە قەرەی چیرۆکەکانی گورکی دەدا، هەر بۆیە بڕیاری دا پێش چاپکردنی، تاقیکارییەک بکا و بە هۆی ئەو چیرۆکەوە جێی خۆی لە دڵی خۆشەویستەکەیدا بکاتەوە.
کاتێک کە نوسخەی دەستی چیرۆکەکەی بۆ خوێندنەوە دەدا، بە کیژۆڵەکە زۆر لەسەر ئەوە پێی داگرت، کە ماکسیم گورکی تەنانەت پۆلێکی دواناوەندی نەخوێندووە و نەیدیوە، بەڵام نێوی لە تەواوی روســـیا و دنیادا بڵاوبۆتەوە و کەوتووەتە ســـەر زمانـــان. هەر بۆیە دەبێ باش تێبگـــەی کە ئەو یانی وتلوگیـــن هەموو قۆناغی دواناوەندی ئەدەبی شـــانس و ئومێدی هەبێ بە سەرکەوتن لە بواری ئەدەبیاتدا! کیژۆڵەی جوان «استرائومووا» ڕۆژی دوایی دەستنووســـەکەی داوە بە وتلوگین و بە بێمەیلی و ساکارییەکی تەواوەوە گوتـــی: چیرۆکەکەتم خوێندۆتەوە، هەرچەند لەو کارانە ســـەر دەرناکەم و شتێک حاڵی نابم، بەڵام هەر زوو هەست دەکەی، کە کەسێک ئەو چیرۆکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسیوە کە نووسەر نەبووە»
وتلوگین بە سەرسوڕمانەوە گوتی:
- بۆ نووسەر نەبووە؟ چۆن نووسەر نەبووە؟ من تاریف لە خۆم ناکەم کە نووسەرێکی تەواوم، بەڵام لە داهاتوودا من نووسەرێکی باش دەبم.
کیژۆڵەکە بە هەمان ڕووهەڵماڵاوی پێشووی پرسی: «ئەی کەی ئەتۆ دەبی بە نووسەر!»
وتلوگین وەڵامی دایەوە: «کاتێک ئەو چیرۆکە چاپ بکەم. بە زەحمەتترین بەشی هەر نووسەرێک ئەوەیە کە یەکەم نووسینی لە چاپ بدرێ. مرۆڤ لەگەڵ ئیدارە و چاپخانە و گۆڤارەکان ئاشنایەتی پەیدا دەکا، لە دواییدا هەموو کارەکان بۆ خۆیان دەڕۆنە پێشێ. پێت وایە لە یەکەم کاردا بارودۆخی گورکی هەروەک ئێستا بووە؟ لە بارودۆخی منیش خراپتر بووە.... .
«استرائومووا» بێ سەرنجدان گوتی:
- باشە ئەی چارە چییە، چاوەڕوان بین.
وتلوگین بە دڵتەنگیەوە گوتی: «چاوەڕوانی چی؟»
کیژۆڵە وەڵامی دایەوە: «با بزانین کەی چاپی دەکەن.»
پێداگرتنی «استرائومووا» لەسەر چاپکردنی چیرۆکەکە، وتلوگینی ناچار کرد، بە پەلەپەل بکەوێتە هەوڵ و تەقەلا بۆ لە چاپدانی بەرهەمەکەی و لە ڕاستیدا کەند و کۆسپی قوتابیی ماڵوێران لەو کاتەوە دەستی پێکرد. چەندین نوسخەی لە چیرۆکەکەی لە هەمووی وڵاتدا بڵاو کردەوە، بە جۆرێک کە لە زۆربەی ئیدارەی چاپەمەنی پێتەخت و شارستانەکاندا دەبیندرا و تەنیا وەڵامی ڕەد و شکانێکی تاڵ نەبێ، هیچ دەستکەوتێکی بۆ نووسەر نەبوو.
بەڕێوەبەری چاپەمەنیەکان هەر دەتگوت پێکەوە ڕێککەوتوون، چونکە هەموو یەکدەنگ دەیانگوت «چیرۆکەکە بە ئەندازەیەک خراپ نووسراوە، کە ناتوانین راوێژ و قسەشی لەسەر بکەین، «ئەدەبی نییە» ، «کۆکراوەیەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە رستە و وشەی خەڵکی دیکە» . «بێ نێوەڕۆک و بەتاڵە» ، «نووسەر دەســـتی لە کارێک وەرداوە کە کاری ئەو نییە» ..... لە ژێر ئەو زەربانەدا کە بێپسانەوە وێی دەکەوتن، ســـاڵێک تێپەڕ بوو. ناوبانگی گیر نەکەوت. کاری خۆشەویســـتیش سەر و سامانی نەگرت. «وتلوگین» کە زۆر هەست ناســـک و حەســـاس بوو، لە ماوەی ئەو یەک ســـاڵەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەر روخساریدا هاتبوو، رەنگی پەڕیوو لەشی لاواز ببوو. دوای رووخانی کۆشـــکی ئاواتەکانـــی، ئیدی ئەو نەیدەتوانی رازی بێ بە ژیانی ســـاکار و بێریای پێشـــووی، هەستی دەکرد کە گەیشتۆتە کۆتایی و بەرەبستی ئاخر لـــە ژیاندا کە هیـــچ رێگا چارەیەک نییە، «بەڵام لە باخچەی پووشـــکیندا داری یـــاس وەک پارەکە گوڵی کردبوو و بۆنـــی عەتری گوڵان دەوروبەری داگرتبوو» . ئەو کات وتلوگین بە ســـەختی و کوێرەوەرییەکی زۆر  کە لە تاریف نایە، دەمانچەیەکی پەیدا کرد، کە تەنیا ســـێ فیشەکی هەبوو. دوو فیشەکی لەسەر سینگی «استرائومووا» داو فیشەکی ئاخریشی لە سەری خۆیدا تەقاند. چارەنووس وای رێکخســـتبوو، کە «اســـترائومووا» گیانی بەدەر برد، بەڵام «وتلوگین» بێ ئەوەی وەهۆش بێتەوە گیانی لە لەشـــی دەرچوو. تەواوی خەڵکی ســـاراتۆف لاشەی ئەویان بەرەو گۆرستان بەڕێ کرد..... بە دوای لاشـــەی ئەودا کە بە گوڵ داپۆشرابوو ژمارەیەکی زۆر لە کچـــە قوتابییەکانی قوتابخانەی دواناوەندی ئەدەبی، بە جلوبەرگی بەهاری بەڕێوە بوون. ئەو جلوبەرگانە ئەوانی وەک فریشتەی ئومێد بەخشی ئاسمان دەهێنایە بەرچاو......»

لە گۆڕســـتان لە گەورە و بچووک، مامۆستا و قوتابی هەموویان دەگریان. کیژۆڵە استرائومووا لە هەموان بە کوڵتر دەگریا و فرمێسکی هەڵدەوەراند و تێگەیشتبوو، کە خۆشەویستی چییە...؟

لەو شـــارەدا ئەو ڕۆژە تا ئاوابوون یەکێک لەو ڕۆژانە بوو، کە قەت لە یاد ناچێ، ڕۆژێکی ئارام و هێوری بەهەشتی بوو، کە قەت لە ساراتۆف ڕۆژێکی وا نەبینرابوو. «لە باخی پووشـــکیندا گوڵی یاس دەپشـــکووتن و هەوای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاریان عەتر پرژین دەکرد.»
هەموویـــان هەناســـەکانیان لە چوارچێوەی ســـینگیاندا زیندانی کردبوو و گوێیان بۆ چیرۆکی موکاســـێف شـــل کردبوو. لە یەکەم ڕستەدا، چیرۆکی موکاســـێف زۆر ئازایانە دەهاتە بەرچاو و لەڕادەبەدەر سەرنجڕاکێش بوو. هێندێک لە لاوە نووســـەرەکان بە دڵەراوکییەک کە لە ترسی موکاسێفیش زیاتر بوو، چاوەڕوان بوون بزانن گورکی سەبارەت بەو نووسینە کە لە چەند شـــوێنیدا نێوی ئەویش هاتووە، تا چ ڕادەیەک بە لەســـەرەخۆیی قەزاوەت دەکا. هەموویان لەســـەر شوێنی خۆیان بێهەســـت و دەنگ دانیشتبوون و چاوەڕوانی نەزەری گورکییان دەکرد. گورکی هەر بەو جۆرە کە لە پشـــت مێزی کارەکەی دانیشـــتبوو، چاوی بڕیبووە پێش خۆی، بە دەنگێکی ئارام و لەسەرەخۆ گوتی:

– باشـــە، چ بڵێم. ئـــەوەش بۆ خۆی چیرۆکێکـــە. دەتوانێ چیرۆک نەبـــێ، وتارە. دەتوانـــێ وتاریش نەبێ، هەواڵنێریە. هەواڵێکە لە شـــاری ساراتۆف ســـەبارەت بە ڕووداوێکی نوێ، کە لەو شارە ڕوویداوە. لە یادمە هەواڵێکـــی ئارام کە لە پێوەندی لەگەڵ قوتابییەکی کوڕ و قوتابییەکی کچ لە قوتابخانەی دواناوەندی ئەدەبی لە شاری «سارانوفسکی وستنیک» لە «پەیکی ساراتۆف»دا خوێندۆتەوە.

تەنانەت ئەو کات کەشیشـــەکانیش وەدەنگ هاتبوون و دەیاننووسی، کە شـــێوەی ڕاهێنان و بارهێنانی ئایینی و ئەخلاقی قوتابخانەکان زۆر لە خوارەوەیە و تەنیا ئەوەندە بەس نییە.....

نووسەر شاد بوو و ڕووی لە گورکی کرد و گوتی:

– ئەتۆ خوێندووتەوە؟ ئەگەروایە، دەزانی کە من ڕاستییەکەم نووسیوە؟
وەک خۆی! شـــتێکم لە خۆمەوە نەنووسیوە، هەمووم لە ڕاستییەکانی ژیان وەرگرتوە. گورکی بە هەمان ئارامی پێشووی، ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە دانا و پەنجەکانی تێک چەقاند و بێپەلەکردن ئاوا درێژەی پێدا:

– ڕووداوەکە ڕاست وەک خۆی هاتووە. بۆ نووسینێکی ئەدەبی جوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیـــا ئەوەندە بەس نییە، زۆر شـــتی کەمە. دەبێ بمبـــوورن کە ناچارم ڕاستییەکانی ڕابردوو دووپات بکەمەوە، کە حوکمی ئەلف و بێی سەرەتای نووسینە، بەڵام دەبێ بزانن کە بەرهەمی جوانی ئەدەبی سوورەت مەجلیس نییـــە، نابـــێ تەنیا ڕووداوێک تۆمار بکا. دەبێ ئـــەوەی بە نێوەڕۆک تر لە ئەســـڵی خۆی بکا و شی بکاتەوە. ئەگەر بتانهەوێ بە شێوەیەک لە هۆی خۆکـــوژی «وتلوگین» حاڵی بن، دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەو بۆچی نیازی وابـــوو کیژۆڵە «اســـترائومووا» بکوژێ. ئەو بابەتە لـــە چیرۆکی ئێوە بۆ خوێنەر ڕوون نییە. بۆچی قارەمانی چیرۆکەکەی تۆ دوو فیشەکی لە کچەکە دا، بەڵام فیشـــەکێک بۆ خۆی. لەسەر ئەو مەسەلەیەش دەتوانی زۆر شت بنووســـی، بەڵام ئەتۆ تەواوی مەتڵەبەکانت گرمۆڵە کردووە و بە جووتراوی باســـت کردووە. بابەتەکە گرنگە، بەڵام بە ئەندازەی گرنگییەکەی لەسەری نەدواوی.

نووســـەری لاو لە حاڵێکدا ســـوور هەڵگەڕابوو و ئارەقە لەسەرو ڕووی بە شێوەیەک دەهاتە خوار، کە هەر دەتگوت تازە لە حەمام هاتۆتە دەرێ. زۆر بە لەسەرەخۆیی، بەڵام شادمان پرسی:

– بە باوەڕی ئێوە، ئەو بابەتەی هەڵمبژاردووە گرنگە؟

گورکی پشگیری کرد و گوتی:

– بەڵێ زۆر گرنگە. ئەو قســـەیەی من سەبارەت بە نێوەڕۆکی ئەوانە بوو، کە خوێندرانەوە، ئێستا خەریکی مەسەلەکانی دیکە بین. لەو نووسراوەدا هیچ چەشنە ڕازاندەنەوەیەکی تێدا نییە. پێرستێکی ڕووت و وشکە لە وێنە و قاڵبێکی مادی ئەواندا، تەنانەت شێوە و وێنەی مرۆڤێک نەخوڵقاوە و ئەخلاق و کردار و ڕەفتاری کەســـێک وەســـف نەکراوە و تەنیا بە ناوی بنەماڵەیی قەناعەت کراوە و ئەوە لە حاڵێکدایە مامۆستای هونەرمەندی نووسین، دەبێ هەموو شـــتێک بێنێتە بەرچاوی خوێنەر و تەنیا بەهێنانی ناو ڕازی نەبێ، کاتێک باسی گوڵی یاس دەکا، گوڵی یاس دەبێ نیشان بدرێ، کە خوێنەر هەســـتی پێ بکا. ناوی ســـاراتۆف دەبەن، ئەو شارە بێنە بەرچاو، یا لانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەم تایبەتمەندی ئەو شــاره شــی بکەنەوە. باسی خۆشەویستی دەکەن، وێنەی لێبکێشـــنەوە خۆشەویســـتی چۆنە و چییە. باس لە جیایی دەکەن هەر بەو شـــێوەیە، کارێک بکەن کە من هەستی پێبکەم. کاتێک دەنووسن «ناوبانگ» بۆنی ڕاستەقینەی ئەوەم بەرلوت بکەوێ، خوێنەر وا لێبکەن کە بزانێ ناوبانگ چییە و چ ڕەنگ و بۆیەکی هەیە. پێویستە ئاگادارت بکەمەوە، ئەتۆ لە سێ لاپەڕەی بچووکدا چوار جار نووسیوتە «داری یاس گوڵی کرد» و ئەگەر ســـەر دێڕیش حیســـاب بکەین، دەبێتە پێنج جار. زۆر زۆرە، دوو جار دووپات کردنەوە بەس بوو. لەوە بگوزەرەین بە هیچ جۆر پێویســـت ناکا لە چیرۆکدر ناوی ڕاســـتەقینەی مرۆڤی زیندوو بێنین. بە هێنانی ناوی ماگسیم گورکی خۆ ناتهەوێ پڕوپاگەندەی جورم و گوناح بە داستان بکەی، هەتا ماکســـیم گورکی بکەی بە شەریک لە قەتڵی «وتلوگین». بە جێگای «ماکسیم گورکی نووسەر» دەکرا بنووسی «نووسەرێک کە ئێستا بووە بە باو» بەو جۆرە سەرنج ڕاکێشتر دەبوو و بە هیچ جۆرێکیش نەدەبووە هۆی گرفت و دڵ ئێشاوی کە نیاز و مەبەستی خراپ، یا لانی کەم پێکهێنانی هەرا و هوریا لەوەش بگوزەرەین، بۆچی ناو و ناوبانگی قوتابییەکەت نەگۆڕیوە؟ لە ڕۆژنامەکاندا وتلوگین نووسراوە ئەتۆش «وتلوگین»ت نووسیوە و ئێستا شتێک کە دەمێنێتەوە باسی لەسەر بکرێ، چۆنیەتی ئەخلاقی چیرۆکەکەیە کە دەبێ ڕوون بێ، کە بۆچی نووسراوە.

لـــەو کاتەدا موکاســـێف لە هەل کەڵکـــی وەرگرت و بە پارێز و وشـــە بە وشـــە مەبەستی خۆی لە نووســـینی ئەو چیرۆکە بە شێوەی خوارەوە شی کردەوە:

- بۆچی ئەو چیرۆکە نووسراوە- ئەو مەسەلەیەم لە نوسخەی یەکەمدا بە درێژی باس کردووە و لەوێدا ئاکامی ئەخلاقی چیرۆکەکە نووســـراوە، یا باشترە ئاوا بڵێم کە کۆتاییەکەی تایبەتە بە ئاکامی ئەخلاقی هەر جۆرە کە باوە. لە دواییدا وتەکانی ئێوەم هاتەوە بیر، کە نابێ بابەتەکە بە جووتراوی دەرخواردی خوێنەر بدرێ. ئەو کات بوو کە ئەو بەشەم لابرد، بەڵام ئێستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەنـــدەی لە یادمە، مەتنـــی ئەو ئاکامە ئەخلاقیەتـــان بۆ باس دەکەم. بەداخەوە ڕووداوی «وتلوگین و اســـترائومووا» لە نێوان لاوانی ســـاراتۆف تایبەت بە کەس یا کەســـانێک نییە. تەواوی کچەکانی ساراتۆف ماوەیەکە تووشی نەخۆشییەکی سەیر و تایبەتی بوون و دەڵێن خوازبێنی کەرمان بە هیچ جۆر نابێ لە ماکسیم گورکی کەمتر بێ، یا دەبێ وەک ماکسیم گورکی بێ، یا هیچ کەس. ڕازین پیر بن، بەڵام مێرد بە کەســـانێکی وەک وتلوگین نەکەن. بە هیچ جۆر ئەو لاوانەیان مەبەست نییە. دانیشتوانی کۆڕەکە وێکرا پێکەنین. کەسێک بە تەنیا چەپڵەیەکی توندی لێدا، موکاسێف لەو هەرا و هورپایەدا گێژ بوو، بە پێوە ڕاوەستابوو و دەورووبەری خۆی چاو لێ دەکرد، دیاربـــوو بۆی لێک نادرێتەوە ئەوەی لە وەڵامی ماکســـیم گورکیدا باســـی کردووە، چۆن هەڵسەنگێندراوە، پێیان باش بووە یا ڕەخنەی لێ دەگیرێ و سەرکۆنە دەکرێ.

گورکی هەر بەو جۆرە کە لە پشت مێزی کارەکەی دانیشتبوو، سەری بەرز کردەوە، شـــەوێلاکەی لێک ئاواڵە بوونەوە و قاقایەکی توندی کێشـــا و لە دواییدا بە توندی پشـــمی و بە ئیشـــارەی دەست کۆتاییەکەی موکاسێفی ڕەت کردەوە. لەبەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک ئەو ئاکامە وەڕاست نەدەچوو و لەگەڵ شێوە و ڕاوێژی چیرۆکەکە جیاوازی هەبوو، دوایی هەموویان بێدەنگ بوون، بەڵام لە ڕوخســـاریاندا دەردەکەوت کە لە بیری ئەو قســـە خۆش و نوکتە جوانانەدا بوون، کە «خوازبێنی کەری بێتوانا بووکی پەڵپگر».

گورکی کاتێک دەستنووســـەکەی وە نووسەر دەدایەوە، ڕووی لە هەموویان کرد و بە تووڕەییەوە گوتی: دەبێ خۆماندوو بکەن و زۆر زەحمەت بکێشن، تـــا لە هەواڵی ڕۆژنامە بەرهەمێکی بەنرخـــی ئەدەبی بخوڵقێنن. دەبێ کار بکەن. دەبێ کار بکەن.

موکاســـێف کە لە چاوەکانی ڕا کاریگەری قسەکانی گورکی پێوە دیاربوو، ڕووی تێکرد و پرسی: ئەگەر وایە دەبێ خۆماندوو بکەم و تەواوی بکەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو دیتیان کە کاتی وەرگرتنی نووسخەی خەتی چیرۆکەکە دەستەکانی ئەو نووسەرە لاوە چۆن دەلەرزین. دوای ئەو زۆربەی دەستنووسەکان کەوتنە بەر لێکۆلێنەوەی رەخنەگرانە. ئی چەند کەس راوێژیان لەسەر کرا، ئی هەر کام لـــەوی دیکـــە لاوازتر و بێنێوەرۆک تر بوو. دوای ئەوەش نووســـەرانی تازەکار پرسیاری جۆرواجۆریان لە گورکی دەکرد.

– «الکسی ماکسیمویچ»، سەرپرێر و ناوی چیرکەکە چۆنە؟ «داری یاس گوڵی دەرکرد». ناونیشانێکی باشە؟

گورکی بێ پەلەکردن و ورد و دەقیق گوتی:

ناونیشانی چیرۆک دەبێ بە یەک دوو وشەی پڕمانا و دەقیق، کە هەڵقوڵاوی بەرهەمەکە بێ دیاری بکرێ و تەواوی مەبەست بگەیەنێ. یا نووسەر دەبێ بۆ ناونیشـــانی چیرۆک لە وشەی جوان و ئیزافەی هونەری کەڵک وەرگرێ، کە ببێتە هۆی بردنە سەری بایەخ و نفووزی نووسینەکە. هەر بەو جۆرە کە وێنەکێشێکی هونەرمەند بە خەتێکی ئیزافە جلوەی جوانی هونەرەکەی زیاتر دەکا. لەو چیرۆکەدا ناونیشـــانی «یاس گوڵی دەرکرد» سەر بە دەستەی دووهەمە و نووســـەر بەو مەبەســـتە هەڵیبژاردوە، کـــە دڵتەزێنی و مرۆڤ هەژێنی چیرۆکەکە زیاتر بنوێنێ.

موکاسێف پرسی:

– دەکرێ لـــە کۆتایی چیرۆکەکەدا خەتێک ئیزافە بکەم، کە «باران وردە وردە دەبـــارێ؟» و ئەو کات نێوی چیرۆکەکە بکەم بە «باران وردە وردە دەبارێ» هەموو بەشداران بۆ وەڵامی گورکی چاوەڕوان و گوێ قوڵاغ بوون. تەنیا لـــە چاوەکانی گورکیدا بزەیەک هەســـت دەکرا. بە ئاوازێکی تێکـــەڵاو بە ناڕازیبوون گوتی: دەتوانی، هەر کاتێک بتهەوێ دەکرێ، بەڵام زۆر خراپ دەبێ، حراپ دەبێ بە هیچ جۆرێک بەکار نایە.

– «الکسی ماکسیمویچ» بۆ نووسەر چ شتێک گرنگە، چۆن بنووسێ یا چ بنووسێ. چوارچێوە گرنگە یا نێوەڕۆک؟

ئاشکرایە، چ شتێک گرنگە، نێوەڕۆک گرنگترە. کاتێک ئێوە بزانن چ دەبێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنووسن، ئەو کات سەربەخۆ دەزانن چۆن بنووسن. چۆن و لە ژێر کاریگەری چ شتێکدا دەنووسن. ئەو کات سروشتیە کە بە پێچەوانە نابێ، دەزانی؟ کاتێک پرسیارەکان کۆتاییان پێهات، گورکی هەستایە سەر پێی و خۆی لەبەریەک کێشایەوە و دەستەکانی لە گیرفانی ناو هێدی و هێمن کەوتە قەدەم لێدان و بە درێژایی ژوورەکە جاروبار لە بەرامبەر هێندێک لە نووسەرانی لاو رادەوەستا.

لەپڕ لە نێو بێدەنگی ژوورەکەدا، دەنگی گڕ و پڕ لە خۆشەویستی ئەو بەرز بووە و هێدی و لەسەرخۆ، بەڵام رەق گوتی:

چ بابەتێک دەنووسن؟ بابەتی بێکەڵک و نێوەڕۆک دەنووسن؟ بۆ نووسینی شتە بێکەڵک و بێسوودەکان تاو دەدەنە قەڵەم، کە بە هیچ جۆر جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە نین!

ئەو نووسینانە بۆ کێ پێویستن؟ بۆ هیچ کەس!.... ئەو جۆرە ئەدەبیاتە بۆ گەل چ ئاکام و قازانجێکی هەیە؟ لە ڕاستیدا هیچ! نووسەر ئاڵاهەڵگری گەلی خۆیەتی!..... ئاڵاهەڵگر ناتوانێ لە دوای ئەرتش بڕوات، ئەو دەبێ لە پێشەوە بێ! بۆ ئەوەی بتوانێ پێشڕەوی گەل بێ، دەبێ نیاز و ئاواتەکانی گەل بزانێ و هەستی پێکردبێ و بۆ گەیشتن بەوان خەبات بکا و ئەگەر پێویست بوو، گیانیشی فیدا بکا!..... نووسەرە تازە پێگەیشتووەکان، پێش لە هەر شتێک دەبێ سەرنج بدەنە ئەو مەسەلەیە!.... نووسەرانی تازەکار، دەتگوت مێگەلە مەڕن و گورگ لێیداون و لە ترسان دەستە دەستە ببوون و لە قولینچکەکان، لەسەر کورسییەکان دۆستانە دەستیان هاویشتبووە سەر شانی یەکتر و دانیشتبوون و بەو پەڕی سەرەنجەوە گوێ ڕایەڵی قسەکانی گورکی بوون. ئەوان لە بەرامبەر خۆیاندا نووسەر و ئاڵاهەڵگری ڕاستییەکانیان دەدی، کە لەسەرەخۆ و هێدی بە نێو ژوورەکەدا پیاسە دەکا. نووسەرێکیان دەدی کە ئەو ئاڵایە وا گەل پێیدابوو بە شێوەیەک هەڵیگرتبوو، کە لە پێش ئەودا هیچ کەس ئاوا ئەو کارەی ئەنجام نەدابوو، ئەو ئاڵایەش ئاڵای ڕەخنەگری گشتی و ناڕەزایەتی و خەبات بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووســـەرەکان زۆر دۆســـتانە ماڵئاواییان لە گورکی کرد و بەو پەڕی ڕێز و حورمەت و بێ هەست و ڕازی و خۆشحاڵ ڕۆیشتن. لە حاڵێکدا زانیارییەک بە زانیارییەکانی دیکەیان ئیزافە ببوو، هەوڵیان دەدا هەرچی گوێیان لێبووە باش بە مێشک و بیری خۆیانی بسپێرن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوین و قورەسواغ

«عەلی ئەشرەف دەروێشیان»

بەیانی زوو چوومە بەردەرگای ماڵی وەستا محەممەد.
یەحیا زووتر لە من هاتبوو. هاوتەمەنی من بوو. لە بن دیوار دانیشـــتبوو و توورەکەی لە کەلوپەلی بەننایی لە تەنیشـــتی دانابوون. هەر کە منی چاو پێکەوت هەستا سەرپێ و بەرەو پیرم هات و دەستی هاویشتە دەوری ملم و ماچی کردم و گوتی:
- دەرس تەواوبوو؟ ها!
بە شەرمەوە چاوم لە چاوەکانی بڕی و گوتم:
- بەڵێ تەواو بوو.
دەستەکانی ئەو زبر بوو و دەستەکانی من نەرم، ژێر نینۆکەکانی پڕبوو لە گێچ، نینۆکی قامکی گەورەی ڕەش ببوو.
چەنـــد کوڕێکی باش بوو. دەیزانی کە هاتنی مـــن ئەو دەبێ چەند ڕۆژێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێــــکار و ئیش بێ و بە دوای کاردا عەودالّ بێ. ئەوە دوو هاوین بوو کە لە لای وەســـــتا محەممەد کارم دەکرد. هاوینی ڕابردوو لە مەیدانی شارەداری ڕاوەستابووم، ئەو یەحیایە کاری بۆ من پەیدا کرد، لەگەڵ وەستا محەممەد بـــەدوای شـــاگردێک دەگەڕان. یەحیـــا منی چاو پێکەوت کــــە بێدەنگ لە گۆشەیەک سەرم لەبەرخۆم نابوو و ڕاوەستا بووم. دوای ئەوە هەموو کاتێک دەیگوت:

«هاوینـــان وەرە لای وەســـتا محەممەد. ئەتۆ کەم ڕووی. وەک مریشـــکی پێ بەســـتراوی. نازانی ئەو ڕۆژە لە مەیدان ڕاوەستابووی، چەندە فەقیر و دەستەوەســـتان دیاربووی. لەگۆشەیەک کز دامابووی، بۆ خۆم زوو دەتوانم کارپەیـــدا بکەم. ئەتۆ وەرە لەگەڵ وەســـتا محەممـــەد کار بکە. لە بیرت نەچێ!ها!»

بەناچار قەبووڵم کرد.

وەســـتا محەممەد پیاوێکی باش بوو. زۆرجار لێم تـــووڕە دەبوو، بەڵام لە دڵییـــەوە نەبوو، تەنیا بە ڕواڵەت وای دەکرد. تـــووڕە دەبوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت لە دڵی دەهاتە دەرێ.

وەســـتا محەممەد لە ماڵێ هاتە دەر. سڵاوم کرد، وەڵامی سڵاوی دامەوە و چاک و چۆنی لەگەڵ کردم و گوتی:

«کارێکمان لە پشـــت نەخۆشخانە «شێروخورشید» هەیە، ئەتۆ زووبەزوو بـــڕۆ بۆ ئەوێ. دووداندە بەردەپێ لە توورەکە هەڵگرە و بڕۆ و ســـڵاوی من بە ســـارف خان بگەیەنە و پێی بڵێ، کە لەم ڕۆژانەدا وەستا محەممەدیش دێ، کەرەســـەی پێویست ئامادە بکا. خشـــتەکانی ڕووی حەوشەو ڕووی شەقام سپی بکەوە. دەیانهەوێ قاتی سەرەوە دروست بکەن. سپیکردنەوەی خشتەکان دوو سێ ڕۆژ دەخایەنێ. بۆ خۆم ئێواران سەردانت دەکەم.»

بەردە پێم هەڵگرت و خودا حافیزیم لە یەحیا کرد. ئەوان هەتا دوو ســـێ ڕۆژی دیکە ڕۆیشتنە سەر کاری خۆیان و منیش بەروکاری خۆم.

بەو ناونیشـــانەی کە وەستا محەممەد پێی دابووم ماڵەکەم دیتەوە. هێشتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهار تەواو نەبوو. بۆنی بەیانی دەهات. بۆنی گیای کێوی کە لەگەڵ بۆنی خەیـــار و میوەی دیکە تێکەڵاو ببوو، کە لە پشـــت دووکانەکەی بەتاڵیان کردبـــوو، دەهات. بۆنی کێوەکانی دوور دەهـــات. بۆنێک دەهات کە پڕ بە دڵ ئارەزووم دەکرد بخەوم. یەکەم ڕۆژەکانی کرێکاری چەندە ناخۆش بوو. لە پڕدا لە پشـــت کورســـی قوتابخانە هەستی و لەگەڵ قوڕو خشت و بەرد ڕووبەڕوو بی. قوڕەســـواغم وەبیر هاتەوە، لە پڕدا دەســـتەکانم وەکزە کز کەوتن وەبیر دڕووی ناو قوڕ کەوتم، کە لە پەنجەکانم ڕادەچوون. بۆ ساتێک ویســـتم نەچمە سەر کار، بەڵام دایکم وەبیر هاتەوە کە چاوەڕوانە. شەو لە حەوشە دادەنیشت و چاوەڕوانی منی دەکرد. ئەگەر نەدەچوومە کار دەگریا و بەسەر خۆی دەدا. ئیدی گەورە ببووم. پۆلی نۆ بووم. زۆر عەیب بوو لە کار بترسێم.

لـــە دەرگام دا. کیژۆڵەیەک دەرگای کردەوە، چاوەکانی بایان ڕێ کەوتبوو، مژۆڵەکانی بەسەر چاوانیدا قورساییان دەکرد. خزمەتکار بوو.

گوتم: «هاتووم خشتەکانی خانووەکە سپی بکەمەوە.»

گوتی: «وەرە ژووری.»

حەوشـــەیەکی گەورە بوو. پڕ بوو لە دار، بۆنی گوڵ دەهات، بۆکزی شـــیر دەهـــات، لاولاوەکان لە قەدی دارەکاجەکان ئاڵابوون و چووبوونە ســـەرێ. ئەو هەموو گوڵ و ســـێبەرێکی خۆش لە حەوشـــەکەدا بـــوو، کە لە ماڵی ئێمەدا نەبوو. لە گۆشـــەیەک لە حەوشـــەکەدا تەختێکی نووستن دانرابوو. پەشـــەبەندێکی پێ هەڵاوەســـرابوو. چواردانە منداڵ لە سەری خەوتبوون. ســـەرم لەبەر خۆم نا وەبیر قسەکانی وەستا محەممەد کەوتم: «وەستا و کرێکار دەبێ چاویان پاک بێ. وەستا و دوکتور مەحرەمی ماڵی خەڵکن.» پەیژەکەم لە قەراغ حەوشـــە هەڵگرت و لە دیواری حەوشـــەکەوە دەستم پێکرد. خشـــتەکان زۆریش پیس نەبوون. بەردەپێـــم کە لێدەدان تۆزێکی زەردرەنگیان لێهەڵدەستا و سپی دەبوونەوە. خۆر لە ئاسماندا بڵیند ببوو، چۆلەکـــەکان دەنگیان بڕابوو. کۆترە باریکەیەکی نێرە بە دەوری مێیەکەیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گمەی دەهات. دەنگی بەسۆزی ئاوازی دڵکەش دەهات. بەردەپێ پەنجەکانمی بریندار کردبوو.
بۆنی تریاک دەهات. لە ناوەندی حەوشـــەکەدا دوو کەس بن پیلی پیاوێکی بە ساڵدا چوویان گرتبوو، کە مووی سەری وەک کلوی بەفر وابوو. چوومە پێش و ســـڵاوم کرد و ڕاسپاردەی وەســـتام پێ گوت. پێم وابوو کە ئەوە ســـارف خانە، بەڵام ئەو نەبوو. قاسم خان بوو. لێوەکانی بایان ڕێکەوتبوو و ڕەش هەڵگەڕابوون. ســـارف خان خوشـــکە بێوەژنەکەی کە هەم جوان بوو، هەم قەڵەو و خڕوخۆڵ بوو. دابووی بە قاسم خان و بۆ خۆی ببوو بە هەمەکارەی ماڵەکە. خوشـــکی سارف خان کە هاوسەری پێشووی مردبوو، لـــە خانە گـــەورەکان بوو و لە مێردە پێشـــووەکەی کچێکی هەبوو، کە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونم لەگەڵ ئەودا خۆشـــم لێی نەهات. سەری لووتی سوور بوو وەک لووتی پشـــیلە. وەک ئـــەوە هەموو کاتێک تەڕبێ. پۆلی حەوتەم بوو، نێوی «پەریســـا» بوو. خوشکی ســـارف خان لە قاسم خانیش سێ منداڵی هەبوو، دووکچ و کوڕێک، کچە گەورەکەی پۆلی شـــەش بوو. نێوی مینا بوو. چاوەکانی جوان بوون وەک چاوی ئاسک. وەک چاوی ئەو مانگایە کە پارەکە جەعفەر دیبووی و ئاشقی چاوی ببوو و خەو و خۆراکی ببوو بە گریان. ناچار بووین بە پێی پیادە لە شار ڕا هەتا تاقی بۆستان بڕۆین، هەتا جەعفەر مانگ خانم ببینێ و چاوەکانی ماچ بکا و ئەو جا بگەڕێینەوە.
مینـــام وەبەردڵ کەوتبوو. هەر کات بـــە لامدا تێپەڕ دەبوو، بەردەپێیەکەم دەستاودەســـت پێ دەکرد و بە ئاســـپایی بە جۆرێک کە کەس هەست پێ نـــەکا لە ژێرەوە چـــاوم لێدەکرد، بە بیانووی ئـــاو خواردنەوە لە پەیژەکە دەهاتمە خوارێ و دەچوومە ســـەر حەوز، هەتا ئەو ببینم. وەبیر قســـەی باوکم دەکەوتم: «پیاو ئەگەر چاوی بە دوای ژن و منداڵی خەڵکەوە بێ، بۆ خۆشی تووش دەبێ.» من نیازێکی خراپم نەبوو، بەڵام تۆزی خشتە چووە دەموچاوم و هەتا یەک مانگ هەموو ڕۆژێ دایکم چای لە چاوم دەکرد.
ئێواران وەستا محەممەد سەردانی دەکردم. ٢٥ قڕانی حەقدەستی ڕۆژانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ دەدام و دەڕۆیشـــت. شەوی ئاخر هەموو خشـــتەکانم سپیکردبووەوە. «وەستا محەممەد» لەگەڵ یەحیا هات. یەحیا هەر کات منی دەدی دەستی لە ملم دەکرد. دەســـتەکانی منیش وەک دەســـتەکانی یەحیا زبر ببوون. توورەکەی کەلوپەلی وەستایەتی وەستا محەممەد لە ماڵی قاسم خان دانرا و یەحیا گوتی: ئاخرەکەی خوێندنت نیشان نەدام؟ باوابێ.

گوتم: «خۆ کاتمان نییە. شەوانەش ئەتۆ ماندووی».

هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «ئاخرییەکەی فێر دەبم».

سپیکردنەوەی خشتەکان بۆ ئەوە بوو، کە کاتێ قاتی سەرەوەیان دروست دەکرد، خانووەکە یەک دەســـت بێ. وەســـتا و کرێکار لە سەرەوە کاریان دەکرد و ئێمەش قاتی خوارەوەمان چاک دەکردەوە.

کاتی نانی نیوەڕۆ هەر لەوێ، پێ پێچەکەم دەکردەوە و خەریکی نانخواردن دەبووم. وەســـتا دەچووە ماڵـــی خۆی، ماڵەکەی نیزیک بـــوو منداڵەکان دەهاتن. ڕۆژێک ئاوەنگەکەی خۆم برد و لەسەر داخڵەکانیان وێنەی جوان جوانم بۆ ڕەســـم کردن. زۆریان پێ خۆش بوو، ببوونە دۆســـتم، دەچوون بنکـــڕی برینجیان بۆ دەهێنام، لەگەڵ ئـــەوەی زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام نەمدەخـــوارد، چونکە مینا لەوێ بوو. «داخڵەی» میناشـــم ڕەنگ کرد و گوڵێکی «شقایق»ی جوانم بۆ ڕەسم کرد.

«پەریسا» هیچکات نەدەهات. منیش بۆ خۆم بە دزییەوە چاوەکانی مینام چاو لێدەکرد و وەک گوناحکاران سەرم لەبەر خۆم دەنا.

بەیانی زوو دەهاتم ئەوان هێشتا لە خەودا بوون. وەستا محەممەد زۆر توورە دەبوو. نەمدەویست لە بەر چاوی ئەوان قسەم پێ بڵێ و بمشکێنێتەوە. دە بەرامبەر کارم دەکرد. گڵی سپی لەگەڵ «کرەپو» کە وەک لۆکە وابوو، کە دەبوو بە پەنجە لێک بدرێ لە حەوزێکی بچووک، کە بە خشتە و وەرەقێکی شـــیروانی دروســـتکرابوو. وا دەهاتەوە و بە تەواوی هێزم پەنجەم لێدەدا. وەرەقی شیروانی دەستمی بریندار دەکرد، بەڵام گوێم پێ نەدەدا. هەر کات گڵی ســـپی سوور دەبوو، دەمزانی کە دەســـتم بریندار بووە. لەبەر ئارەقە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەشم تەڕ دەبوو و دەخووسا و لاروومەتەکانم سوور هەڵدەگەڕان.
ڕۆژێک پێش نیوەڕۆیە، دە باری ولاغیان گڵی سپی هێنا لە قاتی خوارەوە هەڵیانڕیشت. وەستا محەممەد گوتی: «دەبێ ئەو گڵە بەرینە سەرێ.»
وەستا محەممەد بۆ نەهار ڕۆیشتەوە، تەلیسم هەڵگرت و هەتا ئەو گەڕایەوە هەر دە بارە گڵە سـپییەکەم بردە سەرێ. کاتێک گەڕایەوە پێی سەیر بوو و ڕووی لە من کرد و گوتی:
«بە ئافەرین گوتنی خەڵک زارت شیرین نابێ، بۆ خۆت دەکوژی، بزانم قەت تاقە قڕانێک زیاترت پێ دەدەن؟»
چاوەکانی مینا زۆر جوان بوون. مژۆڵەکانی ڕەش و درێژ بوون. سـپێنەی چـاوی خاوێن و بێگەرد بوو، وەک گزینگی بەربەیان کە لە پشـت کێوی بێستون سەر بێنێتە دەرێ.
ڕۆژەکان بـەدوای یەکتردا تێپـەڕ دەبوون. لە یەکێک لـە ڕۆژەکان دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ خەریکی خاوێن کردنەوەی یەکێک لە ژوورەکان بووم. لە نێو جێ شمەکدا گوێم لە خشەخشێک بوو. چووم دەرگای جێ شمەکەکە بکەمەوە، یەکێک لە پشـتەوە ڕا بـە توندی گرتبووی. بە هەموو هێزمەوە ڕامکێشـا و کردمەوە «پەریسـا» بوو. پێکەنی، چاوەکانی بە شێوەیەک بوون، کە تا ئەو کات نەم بینیبوون. کراسێکی قۆڵکورتی لەبەردا بوو. بە تەنیشـتمدا ڕۆیشت و بۆنێکی خۆشی لەدوای خۆی بەجێهێشت. ئیدی ئەو شەوە هەر لە فکری «پەریسا»دا بووم.
شەرمم دەکرد و بە خۆمدا دەشکامەوە لەو جلوبەرگەی بۆ کارکردن لەبەرمدا بوون. ڕۆژێکیان کە ئاوێنەی تەواو قەدی جێ لیباسیم دەبردە ژێرخان، خۆم لە ئاوێنەکەدا چاو پێکەوت. لە ژێرخان دوو سـێ لاوی هاوتەمەنی خۆمی لێبوو. «پەریسا» و دایکیشی لەوێ بوون. لە ئاوێنەکەدا ئەوانم دی، خۆشم دەدی. ژێرخانەکـە زۆر فێنک بوو. کاتێک چوومە ژوورێ هەموویان خۆیان کێشـاوە، کە پیس نەبن. لە شەرمان سوور هەڵگەڕام و لەشم عارەقەیەکی ساردی کرد و گێژ بووم. «پەریسا» بە تەنیشتمدا تێپەڕ بوو، خۆم کێشاوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پەنجــەی پێم لە شــیپانەی دەرگا گیری کرد و کەوتــم و ئاوێنەکە بە ئەندازەی خۆم بوو لە دەســتم بەربووە و شکا. هەموو لە دەورەم هاڵان و کەوتمە بەر پەلاماری جنێوی وەستا محەممەد.

بــە دڵپڕییــەوە گوتــم: «تاوانەکــەی دەدەم. لە حەقدەســتی ڕۆژانەم بگێڕنەوە.»

وەســتا محەممەد گوتی: هۆشــت لە کوێیــە بەچکە قوتابــی. خۆ لێرە قوتابخانەمــان نەکردۆتەوە. کرێکار دەبێ هۆش و ئاگای لەســەر خۆبێ. مەگەر چەندە حەقدەستی ڕۆژانەتە کە بتوانی تاوانەکەی بدەی؟!»

پەریسا سەری لەبەر خۆ نابوو. گەڕایەوە و چاوی لێکردم. ڕەنگە ویستبێتی شــتێک بڵێ و لە ئاکامدا هەر ئەویش بوو کە مەسەلەکەی چارەسەر کرد. گوتبووی کە ئەو خۆی لە ئاوێنەکە داوە.

ڕۆژئاوا کە بەرەو ماڵ بووینەوە. وەســتا محەممەد پارچەیەکی گەورەی لە ئاوێنە شکاوەکە دا بە من، کە بۆی بەرمەوە ماڵێ.

ئێستا «پەریســا»م خۆشدەوێ. ئیدی لووتی سوور و تەڕ نەبوو. پەریسا ئێواران لە ژێرخانەکەدا گۆرانی نوێی «دڵکەش»ی دەگوت.

«بەس بکە، شکایەت لە جیابوونەوە، بەس بکە.»

چەندە باش گۆرانــی دەگوت. دوای تەواوبوونی گۆرانییەکە لە پلیکانەکان دەهاتە ســەرێ. لە نێو ڕێڕەوەکە ڕادەوەســتا باکە دەهــات دامێنەکەی ڕادەوەشاند. با کە دەهات بۆنی عەتری دەهێنا، عەتری «پەریسا». بۆنی لەشــی «پەریســا»ی دەهێنا. منیش بەهێزتر پەنجەم لە گڵە سپییەکە دەدا.

ژێــر نینۆکەکانم بریندار ببوون. یەکێک لە نینۆکەکانم کەوتبوون، بەڵام لە کارکردندا لەشم گەرم بوو. ڕوومەتەکانم بڵێسەیان لێ هەڵدەستا.

وەســتا محەممەد لەســەر داربەستەکە ڕا ســەیری دەرێی دەکرد. دایکی «پەریسا» لەسەر جۆلانەیەک دادەنیشت و پشتییەکی لەبەر پشتی دەنا و پاڵی لێدەدایەوە. وەســتا محەممەد چاوی لێدەکرد و بە بزەیەکەوە بە منی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگوت:
«لامەزهەب هەم دۆشەگە هەم لێفەیە.»
من پێم ناخۆش بوو. سەرم لەبەر خۆم دەنا و هیچم نەدەگوت. مووی سەرم هێشتبووە و بۆ یەکەمجار شانەیەکەم کڕی و پارچەیەکی بچووک لە ئاوێنە شکاوەکەم لە زبڵدانەکە هەڵگرتەوە و لە گیرفانم نا. ڕۆژئاوای هەموو ڕۆژێک کاتێک دەستمان لە کار هەڵدەگرت، سەرم بە یەک لا شانە دەکرد.
ڕۆژێک وەستا محەممەد منی لە کاتی سەرشانەکردندا دی و گوتی:
«ئەتــۆ وانەبــووی، چ ڕوویداوە؟ لە خوا مووبارەک بــێ ئەتۆش بووی بە قێرتی؟ کرێکاری و ئەم بەزمورەزمەیان نەگوتووە. کاکی برا ئەتواری منداڵە قوتابییان لە نێو چینی کرێکاردا جێی نابێتەوە.»
دوای ئەو ڕووداوە لە «مســـتراح» ئاودەســـت سەرم شانە دەکرد. شەوانە بـــە ماندوویی دەگەڕامەوە ماڵێ. دایکم مێوژۆن و مازیلەی تێکەڵاو دەکرد و لە دەستمی هەڵدەسوو، بۆ ئەوەی پێستی دەستم ئەستوور بێ. حەوتووی جارێک پەنجەکانمی لە خەنە دەگرت.
دایکم تا منی دەدی دەیگوت:
«چ ڕوویداوە، زۆر دڵتەنگ دیاری. ئەگەر قســـەم بۆ نەکەی خۆم دەکوژم. برای بابم، هەموو کەسەکەم بۆ وا دڵتەنگی؟»
مـــن بە دڵپڕییەوە دەمگـــوت: «هیچم نییە، هیچم نییـــە. زۆر ماندووم.»
پێش لەو مەسەلە هەر کاتێک لەسەر سفرە دادەنیشتم، هێشتا پارووییەکەم لە زارنەدەنا، کە خەو بەســـەرمدا دەهات، بەڵام بیری «پەریســـا» ئیدی نەیدەهێشت بخەوم. هەموو کاتێ لە بیری ئەودا بووم، هیچم پێ نەدەخورا و تێر دەبووم. شتێک لە گەروومدا گیر ببوو.
لە لای خۆم بیرم دەکردەوە، کە دەبێ چ بکەم. خۆ نەدەکرا هەروا دەست لە سەر دەست دابنێم. بڕیاری خۆم دا. ڕۆژێکیان خەریکی تێکەڵاوکردنی گڵی ســـپی لەگەڵ «کرەپو» بووم. «پەریسا» هات و لە چوارچێوەی دەرگادا ڕاوەستا. دەستەکانی بە شـــیبانەی دەرگاکە گرتبوو و لەگەڵ مینا قسەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد. چاوێکم لێ تروکاند. وەستا محەممەد خەریکی ماڵەکێشان بوو لەسەر دیوار. کەس منی نەدەدی. بە ئەسپایی قامکم کە بەقوڕ بوو، بەسەر دەستیمدا هێنا، ئەو یەکەم جار و ئاخرین جار بوو، کە دەستم وەدەستی دەکەوت. گەڕایەوە سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی هاتێ و هەڵات.

ژوورەکانی قاتی سەرێ تەواو ببوون. خەریکی سواغکردنی دیوارەکانی بووین. خۆر لە کاتی ئاوابووندا تیشکی دەهاویشتە ژوورەکە. وەستا محەممەد ماڵەی دەکێشا و منیش بە پەنجە قوڕەکەم خۆش دەکرد و تۆپ تۆپ بۆ وەستا محەممەدم هەڵدەهاویشت، کە لەسەر داربەست ڕاوەستابوو.

«پەریسا» دەهات و پاڵی وەدیوارە وشک بووەکەوە دەدا. پڕشنگی خۆر دەکەوتە ناوچاوانی. مەمکە تازە هاتووەکانی کراسیان هەڵدابوو. خۆر بۆنی قوڕی توندتر دەکرد، بە مست قوڕەکەم دەشێلا و بە ئارەزووەوە چاوم لە «پەریسا» دەکرد. مژۆڵەکانی وەک دڕووی نێو قوڕەکە لە گیانم ڕۆدەچوون. گەرووم گیرا بوو و فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس مابوو. داوێنی دابوو بە دەست باوە. بۆنی قوڕەسواغ و بۆنی عەتری لەشی مەستی کردبووم و خێرا خێرا کارم دەکرد و ئاگام لە خۆ نەبوو. پرچی وەک شەوەکانی من ئاڵۆز و درێژ بوون و لە دووڵاوە بەسەر مەمکەکانیدا شۆڕ ببوونەوە.

قاسم خان نیوە گیان بوو. سەروەت و سامان زیندووی ڕاگرتبوو. وەک سێبەر دەهات و دەڕۆیشت. سارف خان ملک و ماڵی هێنابووە ژێر چەنگی خۆی.

نیوەڕۆیانە لە ماڵەکەیان بۆنی چێشتی خۆش و باش دەهات. بۆنی میوانداری دەهات. هەموو کاتێ بۆنی شەوی جێژنی لێدەهات. منداڵەکان بەردەوام دەهاتن، «پەریسا»ش دەهات. هەموو کاتێ دەم و لێویان چەور بوو بە زۆری نانیان دەرخواردی چووکەکان دەدا. قەرەواش و نۆکەر بە دەوری حەوشەدا ڕێیان دەکەوتن، هەتا بیانگرن و خواردەمەنیان پێ بدەن.

منداڵەکان دەوریان دەدام و وێنەم بۆ دەکێشانەوە، وێنەیەک کە بۆ «پەریسا»م دەکێشاوە، لە هەموان زیاتر پێوەی خەریک دەبووم و سەرنجی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاترم دەدایە.
ڕۆژێک گوڵێکــی «نیلوفەر»ی ئاســمانیم کێشــایەوە و گیاکەڵەیەک لە تەنیشتی. دوای تەواوکردنی دام بە «پەریسا» و هیچم نەگوت.
ڕۆژەکانی کۆتایی بوو. کارمان بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت. پێویستمان بە ژوورەکان هەبوو. بڕیاردرا شەویش کار بکەین. دۆغاوی ژووری منداڵەکانمان دەکرد. بۆ ڕەنگکردن ڕەنگی پەمەییمان هەڵبژارد. هەموو ژوورەکە بۆ خۆم دۆغاوم کرد. لە پەنجەرەوە چاوم لە حەوشــە دەکرد. لالەعەبباســییەکان چاوەڕوانی خۆرئاوابوونیان دەکرد، تا بەفێنکی بپشــکوون. «پەریسا» بە تەنیشت لالەعبباسییەکاندا تێپەڕیوو. منی دیت، دەستی بۆ لای لێوی برد و ماچێکی بۆ هاویشتم. کەوتمە دڵەکوتە و نیزیک بوو بێهۆش بم. ڕۆژئاوا بوو، نازانم وەفاتی چ ئیمامێک بوو. هەڵوایان دروستکردبوو. جێگایەکیان بۆ من و وەســتا محەممەد هێنا، «پەریسا» بۆ خۆی هێنابووی. وەستا محەممەد نیوەی هەڵواکەی بە لەپی دەســتی هەڵگرت. «پەریســا» لە پێش منی ڕاگرت، وەستا محەممەد خەریکی خواردنی هەڵوا بوو، سینییەکەم بە توندی گرت «پەریسا» سینییەکەی کێشا و من بەرم نەدەدا. نیگامان کەوتە یەک. «پەریسا» گوتی: «بەریدە ئیدی بەسە» و ڕۆیشت. ئەوە جوانترین ڕستە بوو، کە تا ئەو کاتە بیستبووم.
هەستم پێ نەکرد هەڵواکە شیرین بوو یا سوێر.
شــەو کارمان کرد. خەو لە چاوانم زڕا بوو. شــادمان بووم کە شەو لەوێم. شــەو بوو و تەنیا دەنگی قەڵەم مووی وەستا محەممەد بوو، کە بێدەنگی ژوورەکەی دەشــکاند. لە قووڵایی شەو یەکێک ئاوازێکی خەمینی دەگوت. دۆغام ساف دەکرد و دەچوومە قەراغ دەستی وەستا محەممەد، دۆغاوەکەم تەواو بوو، تەشتێکم گێچ گرتەوە بۆ ژێر دەسشووییەکە هەڵقەندرابوو.
گێژ بووم، ماندوو بووم، سەرم هەر کاسەکاسی دەهات. دەنکە شەمچەیەکم شکاند و خستمە نێوان پێڵوی چاوەکانم، کە پێکەوە نەنووسێن، بەڵام ئەوە چارە نەبوو، خەوم لێکەوتبوو. وەستا محەممەد وەخەبەری هێنام و زۆر بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووخۆشی دواندمی. زگی پێم سووتا. دەستەکانم لە نێو گێچدا مابوونەوە. گێچەکەی پێوە ویشک ببوو. وەستا محەممەد بە تەشووی گێچەکاتی شکاند و دەســـتمی هێنادەرێ. دەســـتمان لە کار هەڵگرت و هەردووکمان پێکەوە نووستین. وەستا پیاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام دایکم هەر دەیگوت:

«وریای خۆت بە، منداڵ بە تەمەنی ئێوە وەک کچی عازەب وایە و ناپاکیش زۆرن.»

ڕۆژێکیـــان کاتـــی ڕۆژئاوابوون کە لە کار دەگەڕامەوە، تووشـــی یەکێک لە هاوپۆلەکانم بووم. گوتی کە دەیهەوێ بڕوا بۆ دانیشســـەرا. لە پۆلی نۆ ڕا وەریان دەگرت و مانگانە ٦٨ تمەنیان دەدا و دوای دوو ســـاڵان دەبوو بە مامۆستا. چوار ڕۆژ زیاتری نەمابوو بۆ تاقیکاری. مەسەلەکەم لەگەڵ وەستا محەممـــەد باس کرد. گوتی: «عەیبی نییـــە. ئەتۆ برۆ، یەحیا دێنمەوە.» تاقیکاری تەواو بوو. کۆتێکم کڕی بە پێنج تمەن و شەڵواری پاریشم لە ژێر دۆشـــەکەدا ڕاخست، کە ئوتوو بگرێ. خاڵم سەعاتەکەی خۆی پێ دابووم، کە ئیدی کاری نەدەکرد. لە دەســـتم کرد. قژم چاک کرد و چوومە حەمام. کڵاشەکانم سپی کردەوە و جووتێکیشم گۆرەوی کڕی و بایی قرانێک ڕۆن بادامم کڕی و لەســـەرم هەڵسوو. لەبەر ئاوێنە ڕاوەستابووم، کە دایکم منی دی، نارەحەت بوو و بە توندی گوتی:

«ئەگەر کچ بای ڕووت سوور دەکردین. شوکر بۆ خوا کە کچ نەبووی»

لە حەوشە کە تێپەڕ دەبووم، دایکم بە ژنە جیرانەکەمانی دەگوت:

«ماڵوێران و چارە ڕەش بووین. کوڕمان بۆتە ژیگۆل.»

لە ماڵی چوومە دەرێ بە مەبەســـتی سەردانی وەستا محەممەد، کە هێشتا لە ماڵی سارف خان کاری دەکرد. «حەق بە وەستا بوو کە دەیگوت: خوا نەکا چەکوچی بەنایی لە ماڵێک گیر بکا. ئیدی دەستبەردار نییە.» وەستا محەممەدیش چەکوچەکەی لە ماڵی سارف خان گیری کردبوو.

یەحیاش لەوێ بوو. هاتبووە لای وەستا. دەستی لە نێو دۆغاوی گێچ بوو، هـــەر کە منی چاو پێکەوت گوتی: «ئاخرەکـــەی خوێندنت فێر نەکردم»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتم:

«دەمهەوێ ببم بە مامۆستا.»

گوتی: «زۆر باشە. خوێندنیش فێری من بکە.»

وەستا گوتی: «یاڵڵا، تاقانە، ئێستا قەرە لە قەرەی ئێمەنادەی.»

ڕووی لە یەحیا کرد و لە حاڵێکدا ئیشارەی بە من دەکرد گوتی:

«شای بە سەپان ناگرێ.»

بــە هیوای دیتنی «پەریســا» هاتبووم، بەڵام لەوێ نەبــوو. هیچکام لە منداڵەکان لەوێ نەبوون.

وەستا بە پێکەنینەوە گوتی: «سەعات چەندە؟»

گوتم: «سەعاتەکەم نوستووە.»

گوتی: «ڕۆن دانت کڕیوە؟ بیگۆڕە بە کەڵەبابێک.»

سارف خان دەیهەویست دەستخۆشانە بدات بە من. بیست تمەنی دا بە من، کە بڕۆم وردی بکەمەوە. ڕۆیشتم وردم کردەوە و پازدە قڕانی دەستخۆشانە دا بە من. وەرم گرت و ڕۆیشــتم. زۆرم شەرم کرد لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

«بریا وەرم نەگرتبایە.»

دڵم هەر لە لای ماڵی «پەریسا» بوو. شەوانە هەنگاو بە هەنگاو لە مێشکمدا پیاسەم دەکرد. لە شــەقامەکان تێپەڕ دەبووم و دەگەیشتمە بەر دەرگای ماڵەکەیــان. دەرگام دەکردەوە، دەچوومە ژوورێ، دەچوومە ژوورەکەی کە بۆخۆم ڕەنگم کردبوون. ژووری منداڵەکان. لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

«ئێستا لە کوێیە، ئێستا لە کوێ نوستووە.»

لە مێشــکمدا دەمدیتەوە. لەسەر سەری ڕادەوەســتام تێر سەیرم دەکرد. لەخۆم بە حەیفم دەزانی کە دەســتی لێبدەم. چەندەم پێخۆش بوو دەست بە زوڵفەکانیدا بێنم. دیســان لە سەرڕاوە شــەقامەکانم دەپێوا و ماڵەکەم دەدیتــەوە. کێوی ببووم و ڕووم لە دەشــت و چۆڵەوانی دەکرد. ڕۆژێکیان لەسەر کانیاوێک دانیشتبووم یەکێک لەوێ بوو، شمشاڵی لێدەدا. لەگەڵ ئەو بوومە دۆســت، ناوی حوسێن بوو. کوڕێکی باش بوو. لە ماوەیەکی کەمدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شمشاڵی فێرکردم و زۆریش لەوی چاکترم لێدەدا و حوسێن دەیگوت:
«نهێنییەک لە شمشاڵ لێدانەکەتدا هەیە، کە تا ئێستا نەم بیستووە.»
شـــەوانە دەچوومە پشت ماڵی سارف خان و شمشاڵم لێدەدا. لە تەنیشت ماڵی سارف خان کتێب فرۆشییەک هەبوو. دەچوومە ئەوی هەتا «پەریسا» ببینم، بەڵام «پەریسا» دیار نەبوو.
لە دانیشسەرا (پەیمانگای مامۆســـتایان) قەبووڵ بووم. سەرەتای مانگی ڕەزبەر بوو. ســـاخ بوومەوە کارێک بکەم و ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەمەوە. نامەیەکم بۆ «پەریسا» نووسی لە پاکەتێکی بچووکم هاویشت. لە تەنیشت ماڵەکەیـــان چاوەڕوان بووم هەتا هاتەدەرێ. جلی قوتابخانەی لەبەردابوو و چەنـــد کتێبێکی لەبن پیلیدا بوو. هەروا تەڕوتازە و هەمان بۆن عەتر وەک کۆترێک، دڵم داخورپا و لاقم ســـــت بوو: «بڕۆم یا نەڕۆم.» یەکەم جار بـــوو ئاخر جاریش بـــوو. دوور و نزیک بەدوایدا ڕۆیشـــتم، تا لە کۆڵانێکی چۆل لە هەل کەڵکم وەرگرت. نامەکەم لەســـەر کتێبەکانی دانا، گەڕایەوە. چاوەکانی غەریب بوون، ئاشنا نەبوو، کێوی ببوو. نامەکەی بە ڕووداوم و بە تووڕەییەوە گوتی: «بێ دایک و باب، خوێڕی، حەمباڵ.»
لە جێی خۆمدا وشک بووم. بۆ یەک چرکە مردم و لەشم سارد بووەوە. تا نامەکەم هەڵگرتەوە ڕۆیشتبوو.
بابم دەیگوت موسیقی حەرامە، بەڵام من نەمدەتوانی بێ شمشاڵەکەم بژیم. جارێکیان بابم لە پشت دەرگا ڕاوەستابوو و گوێی لە شمشاڵەکەم ڕاگرتبوو، بەســـەری پەنجەوە و بە ئەسپایی هاتبووە ژوورێ. لەپڕدا ئەوم لە بەرامبەر خۆمدا دی، ویستم شمشاڵەکە بشارمەوە، بەڵام لە ڕوخساریدا پەشیمانی و خەم دیار بوو. گوتی: «لێدە لێدە، وەک مەجنون لێدە دەی. شمشـــاڵ ئی حەزرەتی داودە و باشی لێداوە.» ئەو ساڵە لە حەوت دەرسان کەوتم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org